Journal of Kurdish Literature
Autumn and Winter 2024
Vol. X, No. 2, Series 18

پژوهشنامه ادبیات کردی
پاییز و زمستان ۱۴۰۳
سال ۱۰، شمارهٔ ۲، پیاپی ۱۸

# شرۆڤەیەکی فەلسەفییانەی «تەنگەژەی خراپە» لە «مەم و زین»ی خانیدا

نەوزاد جەمال حەمەفەرەج[1]

(وتاری توێژینەوەیی)

کاتی وەرگری: ٢ی ڕەشەمەی ١٤٠٢، کاتی پەژێران: ٧ی پووشپەڕی ١٤٠٣، لل. ٢٠٢-١٧٥

DOI: 10.22034/JOKL.2024.140737.1359

**کورتە**

ئەم توێژینەوەیە ناکۆکی نێوان چاکە و خراپە لە چیرۆکی «مەم و زین»دا لێکئەداتەوە. چیرۆکەکە فۆرمێکە کە پرسێکی بوونەکی و تەنگەژەیەکی میتافیزیکی- تیۆلۆجی (ناکۆکیی «خراپە و چاکە»)، دیاری دەکات کە وەک ڕەهەندێکی فەلسەفی پێشتر بایەخی ئەوتۆی پێنەدراوە و چەمک و بابەتە سەرەکییەکانی لە سۆنگەی تیۆلۆجیا و گروپە کەلامی و فەلسەفییەکان شرۆڤە نەکراون؛ چونکە خوێندنەوەکانی پێشوو جەختیان لە ڕەهەندێکی دەقەکە، وەک ناسیۆنالیزم، کوردایەتی، تەسەوف یان ڕۆمانسییەت و ئەدەبی فۆلکلۆر کردووە. لەم توێژینەوەدا هەوڵێکی فەلسەفی بۆ جەختکردنەوە لەوەی کە مەم و زین، نەک هەر چیرۆکێکی خۆشەویستییە، بەڵکوو لە ناوەڕۆکدا وێناکردنی تەنگەژەیەکی بوونەکییە لە بەرگی ململانێی چاکە لەگەڵ خراپەدا. خۆشەویستییە تراجیدییەکە، دیوی دەرەوەی تەنگەژەکەیە؛ بۆیە دەقەکە وەک وەڵامدەری پرسگەلێکی دێرینی فەلسەفە و خواناسی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. ئایا خراپە هەیە و چۆن ڕێگەی پێدەدرێت لە جیهاندا زاڵ بێت؟ وەڵامی هەڵێنجراو لە دەقەکە ئەوەیە هەبوونی خراپ (ئیبلیس) پێشمەرجێکی بوونەکیی چاکە (خوا)یە. ئەم بیرکردنەوەیە، هزری گێڕەرەوەی سەربوردەی مەم و زین، دەخاتە سەر دووڕیانێک تەنگەژاوی و دەبێتە ململانێیەکی ئاگامەندانە.

***وشەگەلی سەرەکی:*** تەنگەژە، خراپە، چاکە، ململانێ، پێکەوەسازان، مەم و زین

**چکیده**

این پژوهش به تحلیل تعارض میان خیر و شر در داستان «مم و زین» می‌پردازد. این داستان فرمی است که موضوع وجود و جدال متافیزیکی–تئولوژی (تعارض خیر و شر) را بیان می‌کند که پیشتر برخوردار از این بُعد فلسفی نبوده است و مفهوم و موضوع اصلی آن از زاویهٔ دید تئولوژی و کلامی و فلسفی تحلیل نشده است. خوانش‌های قبلی بر یک بعد از متن مانند ناسیونالیزم، کردپروری، تصوّف یا جنبهٔ رمانسی و ادب فولکلور را در برمی‌گرفت. در این جستار، کوششی فلسفی برای تأکید بر اینکه مم و زین نه تنها یک داستان عشقی است، بلکه از نظر محتوا هم تعارضی وجودی را تمثیل می‌کند که ر قالب کشمکش خیر با شر نمود یافته است. عشق تراژیک، رویهٔ بیرونی این تعارض است؛ به همین دلیل، متن موضوعات فلسفی و خداشناسی کهنی را پاسخ می‌گوید. آیا شر وجود دارد و چگونه مجال می‌یابد در جهان حاکم شود؟ پاسخ مستخرج از متن این است که وجود شر (ابلیس) پیش‌شرط وجود خیر (خدا) است. بعد این تفکّر، اندیشهٔ راوی رویدادهای مم و زین را بر یک دو راهی سرشار از تعارض قرار می‌دهد و کشمکشی آگاهانه را موجب می‌شود.

***واژگان کلیدی:*** تعارض، شرّ، خیر، کشمکش، مدارا، مم و زین

١. پرۆفیسۆری بەشی زانستە کۆمەڵایەتی و قانونیەکان، سەنتەری ستراتیجی لە دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.
nawzad.hamafaraj@kisser.edu.krd

## ١- پێشەکی

خانی (١٦٥٠-١٧٠٦) لە سەدەی هەڤدەدا کێشەی خراپە و دادی خوایی لە «مەم و زین»دا دەکوردێنێت و هاوسەردەمی فەیلەسوفی ئەڵمانی، لایبنزە (١٦٤٦-١٧١٦) کە بەرگرییەکی تەواو لە چەمکی «دادی خوایی»[2] دەکات؛ بەڵام سەر بە دوو میراتی کولتووریی جیاوازن. دابەشکردنی کوردستان لە دوای جەنگی چاڵدێران (١٥١٤)و دارمانی میرنشینی بەدلیس (١٦٥٥) زەبرێکی قورس لە هزری خانی دەدات. بەشێکی پاشخانی کولتووری و ڕووناکبیریی خانی بۆ دیاردەی «حەوت شاعیرەکە» کە بە بووژانەوەیەکی کولتووریی شاری بەدلیس دادەنرێت، دەگەڕێتەوە (چلبي ٢٠٠٨، ١٢٥) سەروەختێ کە نووسینی کوردی پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دەبینێت و میرێکی وەک ئەبداڵخان کە بە شاعیر، ڕەوانبێژ، نووسەر، بیرمەند و تەنانەت بە هونەرمەندی خاوەن هەزاران هونەر نێوبانگی دەرکردووە، لە فەلسەفە و پزیشکی زانیوە (چلبي ٢٠٠٨، ١٢٩)، تەنانەت لە جالینوس، ئێپۆکرات، سوکرات و فیلۆس زیرەکتر بووە (چلبي ٢٠٠٨، ١٣٢)! هەستی کوردبوون و بیرۆکەی بە کوردی نووسین وەک پێداویستییەکی کولتووری و هزری، پێش خانی لای جەزیری، فەقێ تەیران و حەریری سەریهەڵداوە. پێدەچێ لای خانی ئەڵقەی کۆتایی ئەو مێژووەی دەکرێت بە ڕێنیسانسی زمانی و ئەدەبی کوردی، ئابووری و شارستانییەتی باکوری کوردستان لە سەدەی شازدە و حەڤدە دابنرێت (رەسووڵ ٢٠٠٨، ١٠٢). خانی هاوشێوەی شەرەفخان (١٥٩٦) -کە خاڵە لاوازەکانی کوردی دەستنیشان کردووە- لە سەدەی حەڤدە لە نێو چینی خوێندەواراندا، بەڵگەی زیندوویەتی هۆشیاری کوردبوونن. هەردووکیان جەختیان لە هۆکارە جیاکەرەوەکانی کورد لە گەلانی تر کردووەتەوە و چارەنووسی کوردبوونیان وروووژاندووە (اسکندر ٢٠٠٨، ١٠٥). شەرەفخان یەکەم کوردە پرسی کوردایەتی و یەکێتی سیاسی وروووژاندووە، «خانی»یش یەکەم کوردە باوەڕی بە توانا و بەدیهاتنی ئەو یەکێتییە لە چێوەی «میر»دا کە سەرۆک خێڵەکان پەیمانی بدەن، خستووەتەڕوو. هەروەها «بەدرخان»یش یەکەم کوردە ئەو خەونەی بەکردەیی جێبەجێ کردووە (اسکندر ٢٠٠٨، ٢٦٧).

لێرەوە، هێڵێکی هزری لە شەرەفخانەوە تا خانی و واوەتر درێژ دەبێتەوە. گرفتی دووبەرەکی، ناکۆکی و دژایەتی کردنی کورد بۆ یەکتر دەبێتە پرسیارێکی دەستەویەخە، بۆیە ئەو پرسە داهێنانی خانی نییە، بەڵکوو لە پێشەکی شەرەفنامەدا وەک ڕاستییەک دیاری کراوە (اسکندر ٢٠٠٨، ١٠٥). شەرەفخان یەکگرتن و تەبایی کردووە بە پێشمەرجی دەوڵەتداری و سەربەخۆیی کورد. لە کاتێکدا هۆکاری سەربەخۆنەبوونەکەی بە یەکنەگرتنەوە بەستۆتەوە، دیاردەی یەکنەگرتنی بۆ

2. Theodicy

بکەرێکی میتافیزیکی گەڕاندۆتەوە! (اسکندر ٢٠٠٨، ١٠٥)؛ بەڵام خانی هەوڵدەدات ڕاڤەی فەلسەفی/ تیۆلۆجی دووبەرەکی و ناکۆکییەکە بکات و ڕۆڵی خراپە لە سۆنگەی باوەڕی «ئەشعەری»یەوە شرۆڤە بکات کە هیچ یەک لە کارەکان و هەبووەکانی «خوا» بە خراپ/ ئیبلیسیشەوە بەبێ حیکمەت نییە. بەهۆی خوێندنی لە حوجرە، لە بنەماکانی سۆفیگەری و ڕێبازەکانی وەک ئەشعەریزم و موعتەزیلە ئاشنابووە، بۆیە لە کۆی دەقەکەیدا پەیوەندیی سیانەیی: گەردوون، جیهان و مرۆڤی لەگەڵ خودا تاوتوێ کردووە. هەروەها ڕەگوڕیشەی هزری دووانەیی- دوالیزم- «بوون» لای خانی بەدیدەکرێت. پرسیارێک کە هزری خانی دەجووڵێنێت: چ حیکمەتێکی خواییە کە تەنیا کورد لەنێو گەلاندا ژێردەستە بێت؟ بەڵام هەروا بە ئاسانی لە کۆڵی نابێتەوە و لە دیباچە و کۆی دێڕەکاندا پێوەی دەتلێتەوە. ئەم تێگەیشتنەی بەرەوڕووی ئەقڵییەتی دامەزراوەی ئایینی دەکاتەوە، هەر لەبەر ئەوەی بە کوردی دەنووسێت و بیردەکاتەوە، بە دەربڕینی خۆی بە «داهێنەر» ناودەبرێت. ململانێی «چاکە و خراپە» چەقی سەرەکیی دەقەکە پێکدەهێنێت. لە پرسی کوردبوون و چارەنووس، خۆشەویستی، ژیان و بەرپرسیارێتیدا، ململانێکە چڕدەبێتەوە. خانی سەرلەنوێ ئەو پرسەی وێنا کردووەتەوە. لە ڕووی میتۆدییەوە، توێژینەوەکە تێما سەرەکییەکانی دەقەکە لە سۆنگەیەکی فەلسەفییەوە شرۆڤە دەکات و هەوڵدەدات نەوتراوەکانی نێو دەقەکە بخاتەڕوو. ئامانجەکەش ئەوە نییە کۆی وتراوەکانی دەقەکە لە ڕووی واتای زمانی، جوانیناسی، یان هەر شێوازێکی تر، جارێکی تر لێرەدا ڕاڤە بکرێتەوە، بەڵکوو دەرخستنی پەیامەکانی دەقەکەی خانی لە وێنە گەورەکەوە کە تەنگەژەی خراپە و چاکەیە، پاڵنەری سەرەکییە. هەروەها هەوڵێکیشە بۆ تێپەڕاندنی ئەو گوتار و شرۆڤانەی کە لەمەڕ دەقەکەوە تا ئێستا کراون، بۆیە توێژینەوەکە بەسەر کۆمەڵێک تەوەری سەرەکی و لاوەکیدا دابەش دەبێت و لەوێوە دیدی خانی دەخرێتە بەرچاو.

**١-٢- پێشینەی توێژینەوە**

چیرۆکەکەی خانی یەکێک لە دەقە بەهادارەکانە و لە لایەن ئەکادیمیست و ئەدیبە کورد و بیانییەکانەوە بە شاکارێکی کولتووری هەژمار دەکرێت و شرۆڤە و لێکدانەوەی جیاوازی بۆکراوە. پشکی شێری خوێندنەوەکان ڕوانگەیەکی مێژوویی و ئەدەبییان وەرگرتووە[٣]، وەک داستانێکی ئەفسانەیی و بەسەرهاتێکی ڕۆمانسی، توێژینەوەی لە سەر کراوە، یان ڕەهەندە سۆفیگەری و ڕەهەندە ئایینیەکەی زەق کراوەتەوە (ئەنوەر مائی)، یان وەک مانڤێستێکی نەتەوەیی لە ڕوانگەی

٣ . بۆنموونە لە گۆڤاری پژوهشنامە ادبیات کردی، سێ توێژینەوە لە سەر ڕەهەندە ئەدەبییەکەی خانی کراوە (ژ. ٥؛ ژ. ٦ و ژ. ١٣).

کۆمەڵناسی سیاسییەوە تاوتوێ کراوە. سەرەڕای ئەوە ئەم لێکدانەوە جیاوازانە نیشانەی دەوڵەمەندی و هێزوپێزی دەقەکەیە، پێداویستی سەردەمە جیاوازەکان لە دەستبردن بۆ خوێندنەوەی دەقەکە دەردەخەن؛ بەڵام هەر ئەوەش وامان لێ‌دەکات بپرسین: چۆن لە دەقەکە تێبگەین و شرۆڤەی بکەین؟ ڕەنگە لە کوردەکاندا کەم توێژەر هێندەی عەلائەدین سەجادی (۱۹۸٤-۱۹۰۷) پرسیاری گرنگی لە سەر خانی ورووژاندبێت و هەوێنی گۆشەنیگای تێگەیشتن لە مەم و زین بۆ توێژەرەکانی تری ئامادە کردبێت. بەمجۆرە خانی وێنا دەکات؛ پێغەمبەری شیعری نەتەوەیی و چیرۆکی لە خاکی بایەزیددا، سەرچاوەی ئەدەبی کوردی و باوەڕی کوردی لە کوردایەتیدا (سجادی ۱۹۵۲(۱۹٦۰)، ۱۸۹-۲۱۳)، بۆیە دەپرسێت: ئایا چ هێزێک خانی خستووەتە هۆش و فیکری شیعرەوە؟ (سجادی ۱۹۵۲(۱۹٦۰)، ۱۸۹-۲۱۳)؛ چونکە لە سەردەم و جواگرافییەکدا کە کۆنەپەرستی وەک شەوەزەنگ باڵی کێشابوو، بیروباوەڕی پوچ و ستەمکاری تورک بەرامبەر کورد زاڵبووە، لەلایەکی تریشەوە، چەوسانەوەی فیکر و هۆش هەبوو. سەرەڕای ئەم بەربەستانە، خانی ئالێنگاری کرد (سجادی ۱۹۵۲(۱۹٦۰)، ۱۸۹-۲۱۳). لەگەڵ ئەوەی خانی لە سەر بنەمای شیعری پێشووتر (شاعیرەکانی بۆتان) پێگەییوە؛ بەڵام ڕۆحی میللەت و نەوای قەومییەتەکەی لە کوێ هێنا؟ (سجادی ۱۹۵۲(۱۹٦۰)، ۱۸۹-۲۱۳).

ئەو نووسەر و توێژەرانەی لە گۆشەنیگایەکی فەلسەفییەوە «مەم و زین»یان تاوتوێ کردووە، بریتین لە: توفیق وەهبی، نورەدین زازا (رسول ۲۰۱۰، ٦۱). د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ و توێژینەوەیەکی جیهاد شوکری (رشید ۲۰۱۹). دەستپێشخەرییەکە بۆ وەهبی دەگەڕێتەوە کە بە وتارێک لە ساڵی (۱۹٤۳) دا پرسی ململانێی خراپە و چاکەی ورووژاندووە، دواتر عیزەدین ڕەسوڵ، هێمن موکریانی لە توحفەدا و ئینجا کەمال میراودەلی، لە نامەی دوکتۆراکەیدا تاوتوێیان کردووە. بە ڕای وەهبی، خانی دەرکەوتنی (چاکی) بە بوونی خراپەوە بەستۆتەوە و چاکە بەبێ خراپە بوونی نییە، بۆیە دووانەیەکی لەیەکتر دانەبڕاون، لە هەر کوێ مرۆڤ هەبێت، خراپ، یان چاک هەیە (وەهبی ۲۰۲۲، ب۲ : ۱۲۹). لە گێڕانەوەی مەرگی مەم و کوشتنی «بەکرمەنگەوەڕ»دا بە دەستی «تاژدین»، پەنجە دەخاتە سەر پارادۆکسێک، بڕیاری کوشتن لە دیدی خانی لێرەدا کە دەبێ خراپەکار بمرێت؛ بەڵام ئەم مردنە، بە دەستی تاژدینی جوامێر و هاوڕێ کارێکی خراپە (وەهبی ۲۰۲۲، ب۲ : ۱۲۳). کوشتنەکە پارادۆکسی ڕاستییەکە کە چاکەکاریش هەڵە دەکات. ئیتر چاکەکاریش بە ڕەهایی چاکەی لێ‌ناکەوێتەوە، وەک چۆن چاکەی خراپە (بەکر) هەیە، خراپەی چاکەش (تاژدین) هەیە (خانی، مەم و زین ۲۰۲۲، ۳۲۵)، بۆیە لە سەرانسەری بەیتی «مەم و زین»دا ململانێیەکی توند لە نێوان خودای خێر و شەڕ و هتد، بەربەرەکانییەکی سەخت لە ئاشتی

نەهاتوو، هەیە (موکریانی ٢٠١٣، ٤٨). بەکر وەک خواوەندی شەڕ دوو خۆشەویست لەیەک جیادەکاتەوە، خوای چاکەش «تاژدین» گەورەترین مەردایەتی دەکات بۆ پاراستنی ئابڕووی ئەو دووانە و ئاگر لە ماڵی خۆی بەردەدات؛ بەڵام تاریکی بەری ڕووناکی دەگرێت و خوای شەر بەسەر خوای خێردا زاڵ دەبێت و بەکر ناهێڵێت ئەو دوو ئەویندارە پێکبگەن؛ بەڵام دواتر خێر زاڵ دەبێتەوە، ڕووناکی هەڵدێتەوە و بەکر دەکوژرێت؛ بەڵام درەنگ ئەمە دەبێت (موکریانی ٢٠١٣، ٥٦). سەرەڕای ناحەزی خراپەکار، خانی وەک سۆفییەکی بەخشندە پێی‌خۆشە تەنانەت ئیبلیس ببخەشرێت و نەسووتینرێت، وەک چۆن خوا لە بەکر خۆش دەبێت و لەبەهەشتا دەبێتە دەرکەوانی مەم و زین (موکریانی ٢٠١٣، ٥٧)، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پێی‌وایە کە "کورد، بەکر(سیمبولی خیانەت) نابەخشێت، نەفرەتی دەکات و ڕۆژ نییە تف و نەفرەتباران نەکرێت (موکریانی ٢٠١٣، ٥٧).

دواتر «میراودەلی»ش درێژە بە ململانێی چاکە و خراپە دەدات و بەکر مەنگەوەڕی بە ڕەمزی شەڕ و خراپەکار هێناوەتەوە. لە ڕوانگەی بۆچوونی زەردەشت یەزیدییەوە بەکر خراپەیەکە لە حاڵە هەرە تاریک و ئایدیالەکەیدا، بەڵام خراپەیەک پێویستی لۆجیکی و بوونەکییە؛ چونکە بەپێی یاسای دژ/ ناکۆک، بناغەی وجود و زانین و هەقیقەت و پێناسەی شت و کەس و دیاردەکانە (میراودەلی ٢٠٠٧، ٢٤). بەکر دەورێکی جەوهەری، نەک ڕێکەوت و لاوەکی هەیە (میراودەلی ٢٠٠٧، ٢٥). بەپێی ڕێسای وابەستەیی لۆجیکی، بوونی خراپە بۆ دەرکەوتن و سەرکەوتنی چاکە پێویستە (میراودەلی ٢٠٠٧، ٢٥). بۆچوونە فەلسەفەییەکەی خانی لەوەدایە؛ کەسێتی بەکر پاڵەوانی تێکەستەکەیە و بەهێزترین بیری فەلسەفی، یان ڕاگەیاندن(مانڤێست)ی فەلسەفەی خانی پێشکەش کردنی کەسێتی بەکر مەرگەوەڕە (میراودەلی ٢٠٠٧، ٢٥). لەگەڵ ئەوەشدا بەکر بوونێکی سەربەخۆی نییە، بەڵکوو درێژبوونەوە، دیوەکەی تری میر خۆیەتی (میراودەلی ٢٠٠٧، ٢٩). لەو سۆنگەوە خانی لە دێڕەکانی (١١٠٠-١١٥٠) باس لە بەدیهێنانی گەردوون لەنەبوونەوە و دژیەکییەکان دەکات. سەرەڕای ئەوەی ئەو دوو هێزە بەیەکەوە هەڵناکەن، بەبێ یەکتریش نابن. ناکۆکی ئەو دوو هێزە، ڕێسایەکی لۆجیکییە کە چاکە و خراپە ماکی هاوبەر-دژیەکن (هێرش ١٩٩٩، ٣٢). لە جیهانبینیی خانیدا، مەم و زین نموودێکی (توخمێک) پاک و بێگەرد و نموودی بەقا لەگەڵ نموودی خفا «بەکر» وەک لازم و مەلزومن. بەو پێیەش، خێر بێ خراپە لە جیهانی مرۆڤدا نابێت (هێرش ١٩٩٩، ٣٣). خانی بیروباوەڕی خواناسی، خۆناسی و خەڵکناسی (کوردایەتی) ئاوێتە کردووە و ژانرێکی تراجیدی بۆ داستانەکەی داناوە. لە تراجیدیادا دژێتی نێوان ویستوخوازی مێژوویی و کۆمەڵایەتی لەلایەک و نەبوونی وزە و توانایی بۆ گەیشتن بە ئامانج لەلایەکی ترەوە، خۆدەنوێنێت (هێرش ١٩٩٩، ٣٣).

پشکی شێری لێکدانەوەکان ڕەهەندە ناسیۆنالیزمەکەیەتی و لە سەر پرسیارێک دەسووڕێنەوە: ئاخۆ ئەو باوکی هزری نەتەوەییە؟ ئەمەش لای مامۆستا جەعفەر (جەعفەر، مێژووی بیری کوردی ۲۰۰۹)، فەرهاد شاکەلی (شاکەلی ۲۰۱۹) و محەمەد مەلاکەریم (مەلاکەریم ۱۹۹۹ ) و جەمال نەبەز (نەبەز ۲۰۰۲) بەدیدەکرێت، تەنانەت توێژەرە ئەورووپی و خۆرئاواییەکان برونەسەن، لەیزنبێرخ و ماکدۆاڵ زیاتر جەختییان لە ڕەهەندی ناسیۆنالیزم کردۆتەوە. بێجگە لە ماکدۆاڵ، برونەسەن و لەیزنبێرخ و عەباس وەلی لە سەر ئەوەن کە خانی ناسیۆنالیست نییە. هزری ناسیۆنالیزم مۆدێرنە لە ئەورووپا سەریهەڵداوە؛[٤] بەڵام مارکسییەکی وەک ئەمیر حەسەنپوور، عیزەدین ڕەسوڵ، محەمەد مەلاکەریم و کەمال مەزهەر داکۆکی لە دیدی نەتەوە-کوردایەتی- خانی دەکەن! لە کاتێکدا ماکدۆاڵ پێی وایە، خانی ڕیزپەڕێکە لە مێژووی کورددا. لە چەرخی هەڤدەدا بێجگە لە خانی کەس ئاماژەی بە کورد وەک قەوارە و پێکهاتەیەکی ئیتنیکی نەکردووە.

کورد وەک نەتەوە و جڤاکێکی هاوبەش، نەک خەڵکانێکی پەرتەوازە کە بێ بیر و خەونی هاوبەش بن، باس کردووە. ڕاستە کورد وەک گەل و ئیتنیک مێژوویەکی دێرینی هەیە؛ بەڵام وەک کۆمەڵگایەکی هاودید و هاوبەش و یەک جەستە، پێشتر لە خانی باس نەکراوە (McDowall 2021, 2). ئیدی، کورد وەک کۆمەڵگایەکی سیاسی و کولتووری نەبووە؛ بۆیە مەم و زین (1692) بە بناغەیەکی کانونی فەرهەنگی دادەنرێت (McDowall 2021, 37).

ئەو هەوڵە جیاوازانە جێپێیان بە کرۆکی دەقەکە لێژکردووە و بەرەو بابەتگەلێ کە خەمی خانی نەبووە، سەیریان کردووە. فرەیی خوێندنەوە، چەندە گرنگیدان بە دەقێک دەربخات، ئەوەندەش هۆکارکە ناوەرۆکی دەقەکە دەشارێتەوە (وەلی ۲۰۲۳). ئەوە گرنگ نییە بیسەلمێنی خانی ناسیۆنالیستە، یان نا، بەڵکوو تێگەیشتنی زانستی و گشتییە لە دەقەکە، هەلومەرجی شیکاری کۆنتیکیستی مێژوویی و کۆمەڵایەتی خانی گرنگە (وەلی ۲۰۲۳). ئەو خوێندنەوانە کە پێویستی سەردەمی خۆیانیان پڕکردۆتەوە، بە ڕەهەندە قووڵ و پەیامە نەوتراوەکانی دەقەکەدا شۆڕنەبوونەتەوە. بەگشتی دەقناسیی ڕووناکبیرانی کورد پتر لە لێکدانەوەی زمانەوانی فیلۆلۆجی نزیک دەبێتەوە.

## 1- ۳- تێما سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

شاکاری مەم و زین (۱۷۳۱) پاش حەوت سەدە لە شانامەی «فیردەوسی»یە، داهێنانی مۆدێلێکی تراجیدیای کوردییە کە هاوتای داستانە فارسییەکانی فیردەوسی و نیزامی و «جامی»ـە

٤ . پارادۆکسەکە لەوەدایە؛ بەپێوەری ئەورووپی سەنتەری زانستیی بیری نەتەوەخوازی/ کوردایەتی خانی دەپێوون، وەک پرۆجێکشنێکی کولتووری. لەکاتێکدا خانی لە جوگرافیای ئەورووپادا بیری نەکردۆتەوە.

(عومەر ٢٠٢٢). دەقەکە هەڵچوونێکی سۆزەکی نییە، بەڵکوو گوشراوی ئەزموون و لێکدانەوەیەکی تەمەنێکی کامڵ بووی خانییە (خانی، مەم و زین ٢٠٢٢، ٣٥٠). لە ڕووی بابەتیشەوە: فرەڕەهەندە؛ ئایین، کۆمەڵگا، کولتوور، ئاگایی، خۆشەویستی و هتد، لەخۆدەگرێت؛ بۆیە پێویستە وەک سێ تێکستی پێکەوەگونجاو بیخوێنینەوە؛ وەک: تێکستێکی هونەری، فەلسەفی/ ئایینی و تێکستی سیاسی/ نەتەوەیی (میراودەلی ٢٠٠٧، ٣٤)، واتە داستانەکە سێ توێیە و بەوەش سێدەق لەخۆدەگرێت: ١- دەقێک کە چیرۆکە باوەکەی مەم و زینە. ٢- دەقێکی بەهانە بۆکراو کە ئامانجی خانی خۆیەتی تەریبە بە یەکەم. ٣- دەقی سێهەم لێکدانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکان لە دیدێکی هزری و فەلسەفییەوە کە دەنگی شاعیر تێیدا ڕەنگ دەداتەوە (میراودەلی ٢٠٠٧، ٩،٧).

لەبەر ئەوە، لێرەدا چەند گریمانەیەک دەخرێتەڕوو: ١- خۆشەویستی لەو دەقەدا تەنیا فۆرمە، نەک ناوەڕۆکی سەرەکی. وێنە و ڕووداوەکانی نێو داستانەکە، میتافۆری بەرجەستەکردنی ڕاستییەکانی بوون، کوردبوون، پرسی خراپە و دۆزەخی ئەویتر بوون (بە زمانە سارتەرییەکە). ٢- پرسی سەرکەوتنی فۆرمەکانی خراپە، وەک: ڕق وکینە، هەلپەرستی، ناکۆکی نێوخۆیی، داگیرکاری ڕاستەوخۆ- پێویستە بۆئەوەی ڕاستییەکان ئاشکراتر بێت و هزری خوێنەر بە پلەکانی ئاگاییدا سەربکەوێت. ٣- گرفتی ویستی خوایی و دادوەری؛ ئایا چۆن داگیرکردن، ناکامی خۆشەویستی، دابەشبوونی کوردستان و هتد، لەگەڵ هەبوونی دەسەڵات و چاکەویستیی خواییدا دێتەوە؟

لە وێنە بچووکەکەدا دەقەکە بەدەوری پرسیارێکدا دەسووڕێتەوە: بۆچی دەبێ خراپەکار زاڵ بێت و خۆشەویستی ناکام بێت؟ لەم تەڵزگەیەوە، خانی دۆخێکی تراجیکی لە وێنە گەورەکەدا بەرجەستە **دەکات:** پێشیل کردنی ئازادی ویست، نەبوونی سەربەخۆیی، دابەشبوونی نێوخۆیی، پێکدادانی زلهێزەکان لە سەر نیشتمانی کورد و خۆخۆری و فریوخواردنی ڕۆڵەی کورد بە ئەجێندای فراوانخوازیی دوو زلهێزی خراپەکار (سەفەوی/ عوسمانی). بەو جۆرە خانی "نەخۆشییەکانی کۆمەڵ" لە پەرتەوازەیی، نایەکگرتوویی، بێنرخ کردنی کولتووری نووسین، بەکەم سەیرکردنی ڕووناکبیر، خۆنزیک کردنەوەی هەلپەرست (بەکر) لە دەربار، لەبیر کردنی سەربەخۆیی وڵاتی لای فەرمانڕەوای کورد چڕکردۆتەوە و ڕاشکاوانە ڕازی خۆی لە پاساوی نووسینی قەسیدەکەدا ئاشکرا دەکات: شەرح غەمی دل بکەم فەسانە، زینێ و مەمێ بکەم بەهانە (خانی ٢٠٢٢، ٤٣). هەروەها دەرخستنی توانستی[5] زمانی کوردی لە بەرهەمهێنانی شاکارێک کە هاوتای شاکارە جیهانییەکان بێت (خانی ٢٠٢٢، ٣٢).

---

5. Potential

لە ڕووی فەلسەفیشەوە دەقەکە هەوڵێکە بۆ جێکردنەوەی ژیر(ئەقڵ)، باوەڕ، سۆزداری لەیەک شوێن و کاتدا؛ بەڵام ئەم تێمانە چۆن بەیەکەوە دەگونجێنرێن. لە باس کردنی ئەهلی ئەقڵدا ناوی فەیلەسووفەکانی یۆنان «ئەفلاتوون و ئەرستۆ» دەبات. ئاماژەش بە لۆجیکی ئەقڵانی- هۆکارسازیی[٦]- بەزمانپاراویی ڕەوانبێژییانە لە سەلماندن و قایل کردنی میردا چەند بەهێزە، دەکات. سەرەڕای توانای، خراپەی ئەقڵ لێرەدا لە فێڵ و تەڵەکە و زمان لووسیدا (بەکر) زەق دەبێتەوە. خانی بە ئاسانی وەڵامی تەواوی نییە کە بۆچی چارەنووسی ناکامی دوو خۆشەویستی داوێنپاک، داگیرکردنی نیشتمانەکەی بەو دەردەچن. پێدەچێت، هێزێکی بانمرۆیی لە ئەزەلەوە بڕیاری دابێت. پەنابردنە بەر ڕاڤەی ئایینی، قایل بوونە بەوەی لە بنەڕەتدا چارەنووس بڕدراوەتەوە و دەبێ پێی ڕازی بین، تەنانەت ئەگەر لە نهێنی بەسەرهاتەکانیش تێنەگەین، دەکرێت بابەتێک لە ڕواڵەتدا خراپ بێت؛ بەڵام ئاکامەکەی وانەکەوێتەوە. هەموو شتێک بە چاک و خراپەوە لای خوایە. گەمەی شەترەنجی نێوان مەم و میر، میتافۆرێکە بۆ گەمەی ژیان کە بردنەوە و دۆڕاندنی پەیامە. تەختی شەترەنجەکە ژیانە و مرۆڤ داشەکانیەتی و هەر خۆشی جووڵێنەریانە. ڕێساکانی گەمەکردنی چارەنووسە لە دەستی دروستکارەکەدایە؛ بەڵام جووڵە ئەگەرێکی کراوەیە بە دەستی گەمەکار خۆیەتی. ئازادی ویست وادەخوازێت خراپەش بەپێی سیناریۆیەک ڕێپێدراو بێت. ململانێی ئازادی ویست و قەدەری خوا لە سەر یەک ڕووبەردا تەنگەژەیەکی ئەقڵی دروست کردووە.

### ١-٤- ململانێ لە ئەفسانەیەکی کوردییدا

بەو پێیەی ئەفسانە ئەو بونیادە قووڵەی لە نائاگایی کولتووریکدا هەیە، گێڕانەوەکان چوارچێوەیەکن کە تاکەکانی ئەو کولتوورە تێیدا بیردەکەنەوە، یان بیری پێدەکەنەوە، هەر بۆیە لە مێژووی ئەفسانەی سۆمەرییەکاندا گلگامش سەرەڕای زیرەکی و لێزانی و دانایی خۆی نەیتوانی لە کێشەی خراپە دەرباز بێت. هەروەها لە «مەم و زین»دا، ئەفسانەیەکی کوردی هەوێنی گرتووە، نەک هەر لەبەر ئەوەی بە ئەندێشەی خانی هۆنراوەتەوە، بەڵکوو هزراندنی پرسیارەکان وایکرد چیرۆکێکی میللی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، مۆرکێکی ئەفسانەی کوردییانە وەربگرێت. ئەو توخم و ڕەگەزانەی لە بیری ئەفسانەییدا هەن: چارەنووس، پاڵەوان، خۆبەختکردن، نامێژوویێتی کەسێتی و ڕووداوەکان، مەرگ و ژیان، ململانێی خراپە و چاکە و هتد، بە هۆشێکی کوردانەوە بەرجەستە کراون. لێرەوە، تەنگەژەی خراپە (لە فۆرمە کوردیەکەدا) دەبێتە پرسیارێکی فەلسەفی و تیۆلۆجیی چارەنووسساز. لە مێژوودا مرۆڤ بیری لە خراپە وەک هێزێکی دەرەکی کە چارەنووسی

6. Reasoning

و کردەوەکانی دیاری دەکات، کردۆتەوە و پاڵنەر و ئاکامی کردەوەکانی مرۆڤی بە هێزە ناسروشتییەکانەوە گرێداوە. لە چیرۆک و داستانە ئەفسانەییەکانی یۆنان، بۆنموونە: ئیلیادی هۆمیرۆس، تیۆگۆنیای هزیود، هاندەرێکی گرنگی پرسیارکردن بوون. هەروەها وەک سەرچاوەیەکی سەرەتایی و یەکەمی زانین بوون. کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە سەر ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئابووری و ئایینی هەبووە. زۆرجار ئەفسانە وەڵامدەرەوەی کێشە و تەنگەژە بوونەکییەکانی مرۆڤبوون، پرسی چارەنووس، سەرچاوەی ژیان و جیهان لە کوێوە هاتوون.

لە ئەفسانەی یۆنانی، خواوەندەکان دێنە سەرزەمینی واقیع و لە ڕووداوەکاندا بەشداربوون. زۆرجاریش لەگەڵ پاڵەوانەکان، لەگەڵ تێگەیشتنی و جیهانبینییەکدا وەک دیۆنیزیس لە ململانێدان؛ بەڵام لە دەقەکەی «خانی»دا، دابەشبوونی جیهانی مرۆڤ و خوا (لاهوت/ ناسوت) و دەستێوەردانی چارەنووس لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان و ئەنجامەکان، یان چاکە و خراپە/ بەدکار بە فۆرمێکی دیالێکتیکیانە خراوەتەڕوو. هەر ئەو وەڵامانەش لە ئەفسانەکاندا بە پشتبەستن بە لۆجیکی پەیوەستبوونی دژەکان چاکە/ خراپە، لە جیهان و ژیاندا جەختی لەوە کردۆتەوە کە دژیەکییەکان (مەرگ/ ژیان) دۆخێکی بنەڕەتین لە «بوون»دا. دواتر ئەم لێکدانەوە ئەفسانەییانە بۆ نێو کتێبە ئایینییەکان دەگوێزرێنەوە. تەکنیکێکی کاریگەریی ئەفسانەش، ناکۆکی و ململانێی چاکە و خراپەیە. ناکۆکی نێوان یەکێتی بوون و فرەیی و جیاوازی لە بووندا. ئیتر، هەموو ئەمانە لە دۆخێکی وابەستەییدان کە لۆجیکی پەیوەستبوونی دژەکانە لە ئاڕاستەدا (سەر/ خوار) لە چۆنیەتیدا (گەرم/ سارد، خۆش/ ناخۆش هتد،) و بارستایی و قەبارە و شێوە و چەندێتی و هتد، هەمیشە هزر بەهۆی دەربڕینە دووانەییەکانەوە، بۆ هەر وشەیەک بەرامبەرەکەی دەبینێتەوە.

سەرباری ئەوەی چاکە/ خراپە لە ڕواڵەتدا دژبەیەکن، بەبێ یەکتریش هەڵناکەن، وەک لە دێڕی(٢٤٥ -٢٤٦)دا هاتووە کە ڕواڵەتی دژیەکی هەڵخەڵەتێنەرە و مرۆڤ یەکسەر لە پەیامی پشتەوەی تێناگات (خانی، مەم و زین ٢٠٢٢، ٣٢٣). ئەرک و ڕۆڵی خراپە-ئەویتر-ـەکەی چاکە؛ دەرخستنی ناوەڕۆکی واتا و پەیامی چاکەیە؛ چونکە بەبێ دژەکەی پێناسەکەشی ناتەواوە؛ بەڵام تێگەیشتن لە جیهان لە ڕێی ئەو دابەش کردنە دوالیستانە، ئاڵۆزکاوتر و سەختترە. ڕووداوێک بە خراپە دەردەکەوێت؛ بەڵام ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی مرۆڤ پاداشت بدرێتەوە. ناکۆکی دژیەکەکان و پەیوەستبوونیان پێکەوە، سەرەداوێکی گرنگی داڕشتنی توخمەکانی تراجیدیاکەیە لای خانی، وەک چۆن گوڵ بێ دڕک نابێت. لە ڕواڵەتدا دڕک دژەجۆرەکەی گوڵە، بەڵام هەمان پەیوەندی هەژیدهایە بەگەنجینەوە: هەژدیها گەنجینە دەپارێزێت، وەک چۆن بەکرمەنگەوەڕ وەک دڕکەزییەک بەهای ئەویندارى مەم و زین دەردەخات. ڕاستە کە لە ڕواڵەتدا پێک ناکۆکە، بەڵام

پێویستییەکی بوونەکییە، کاتێک زین بە میر دەڵێت: «ئێمە گوڵی سوورین، ئەو دڕکە بۆ پاراستنمانە. ئێمە گەنجینە و ئەو هەژیدها». هەروەها، لە وەسفی میر و دەسەڵاتداریشدا، میرەکان وەک شامارن- لە توخمی مارن، بەڵام ژێرمەندەکان نابێ توخونیان بکەون!

### ۱-۵- تەنگەژەی فرەیی- جیاوازی و یەکبوونێتی

لە مێژووی فەلسەفەدا «ئەپیکۆر» (۲۷۰-۳٤۱پ.ز) تەنگەژەی خراپەی دارِشت و ئاگرەکەی خۆش کرد: چۆن خوایەکی باڵادەست و سەرچاوەی چاکە لەگەڵ هەبوونی خراپە لە جیهاندا پێک دێتەوە؟ (Hume 1935, 244)؛ بەڵام لای ئەفلووتین- ئەفلاتوونیزمی نوێ، پرسەکە ئەوە نییە کە ئاخۆ خراپە لە کوێوە دەرژێتە نێو هەبووەکان و چۆن لە سیستمی گەردووندا دەکەوێتەوە، بەڵکوو پێش هەموو شتێک دەبێ چییەتی-ناوەڕۆک-ی خراپە دابرێژین (Calder 2020) لە «مانەویزم»دا دوالیزم چارەسەرێکی تەنگەژەی چاکە و خراپەیە. بەو پێیەی بەردەوامی گەردوون بەرئەنجامی دوو جەمسەری هاوتان لە نەمری و تواناداا (خوا/ میری تاریکی) (Calder 2020). هەر لەم دوو بنەمایەشەوە، خراپە و چاکە دەکەوێتەوە، بۆیە جەنگیکی نەگۆڕ لە سەر دەسەڵات دەکەوێتەوە. جیهانی مادیش، قۆناغێکی ئەو جەنگە گەردوونییەیە کە تێیدا هێزەکانی خراپە هاوتای چاکەن، وەک چۆن ڕۆح چاکەخوازێکە هەمیشە لە هەوڵدایە خۆی لە کۆتووبەندی جەستە ڕزگار کات. پاشان چارەسەرێکی تری مانەوەی ئەوەیە خوا خاوەن هێزی ڕەها نییە و هەروەها تاکەخوایەکیش نییە لە جیهاندا (Calder 2020)؛ چونکە خوای چاکەی ڕەها، هەر دەبێ چاکەی لێکەوێتەوە، بۆیە ئەو لە بەرامبەر تواناکانی میری تاریکیدا دەستەوستانە (Calder 2020). لە تراجیدیانامەی ئەنتیگۆنەی سوفکیلس (٥.پ.ز) دا دژیەکی دۆخی کۆمەڵایەتی و خوایی لە دژیەکی نێوان گوێڕایەڵی کردنی فەرمانڕەوای وڵات (شا) و یاسای گەردوون (خوا) لە ڕاییی کردنی کاروباری جڤاکدا بەرجەستە دەبێت. هەروەها بەگشتی لە فەلسەفەی یۆناندا؛ دوو ئاڕاستەی جیاواز لە بارەی خوا هەیە: ۱- لای ئەرستۆ و بەشێکی زۆری فەیلەسووفەکانی دیکە بەهۆکاری یەکەم و هۆکاری دوور و بەهۆکردی هۆکارەکان دادەنرێت. ۲- ئەپیکۆرەکان: هەموو شتێک لە بووندا بە ڕێکەوت/ ئەگەری لەیەک کاتدا بوون و نەبوونی هەیە[7].

لە مێژووی گروپە ئیسلامییەکانیشدا غەیلانی دیمەشقی یەکەم کەسە کە پرِیشکی ئاگرەکەی کردەوە (أورفوا ۲۰۱۰، ۹۵). ئەوان سوود لە ڕاکانی ئەپیکۆر وەردەگرن کە خراپە لە بنەڕەتدا لە خواوەیە، دەکرێت هەبێت و نەبێت؛ چونکە خوا دەسەڵاتی بەسەریدا دەشکێت. زاناکان پێیانوایە

---

7. Contingent

پەیوەندییەکی هۆکارەکی لە نێوان هەبووەکانی جیهاندا نییە؛ چونکە ئەوان دروست کراون و دەبێ تەنیا دروستکەر بکەرە ئاڕاستەکەرەکە بێت لە بووندا (بۆچوونی ئەشعەرییەکان)؛ بەڵام جیاوازی و پارادۆکسەکەی زانایانی ئایینی لە وەرگرتنی تا ئێرەی ئەپیکۆردایە. لەوەدا هاوڕانین کە خوا لە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ لە بوونەوەرکانی جیهان و گەردووندا ناکارا بێت. توانای هەیە و ئەو هۆکاری بنەڕەتی هەموو ڕووداوەکانە، تێیدا بە چاک و خراپەوە، لەبەر ئەوەی توانا و دەسەڵاتی بێ‌سنووری هەیە؛ بەڵام دیسانەوە گرفتێک سەرهەڵدەدات: چۆن خوا پێشوەختە بە خراپ، یان باش لە سەر هەڵسوکەوت و کردەوەکانی مرۆڤ بڕیاری داوە؟ ئاڕاستەی جەبرییەکان جیاکاری لە نێوان کرداری مرۆڤ و کردەکانی لەنێو بووندا ناکەن، بەوەی هەموویان بە ویستی خوا دەجووڵێنەوە؛ بەڵام پرسیارێکی تر ئەوەیە: دادوەری خودا لەکوێدایە؟ ئەگەر دروستکەری کردەوەکانی مرۆڤە، بۆ سزای دەدات؟ ئەگەر مرۆڤ لە کردەوەکانیدا سەرپشک نییە، ئیتر لێ‌پرسینەوە بۆ؟ بەم پرسیارە، گروپەکانی موعتەزیلە و ئەشعەری و ماتوریدی و هتد، هەوڵیاندا کردەوەی مرۆڤ لە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی خوا جیابکەنەوە.

بە ڕای موعتەزیلە، مرۆڤ بە جیاوازتر لەهەر هەبوویەکی تر، بەچاک، یان خراپ خۆی دروستکەری کردەوەکانیەتی و هەر خۆشی لێیان بەرپرسیارە. ئەشعەری و ماتوریدی بە تێوری «کەسب» کێشەکە بەجۆرێک چارە دەکەن کە جیاکردنەوەی بوونی هێزەکی[8] و بوونی کردەکی/کارا[9]یە لە سەر شێوازی ئەرستۆ، بۆنموونە: سووتاندن، ڕووناکی هێزێکە لە ئاگردایە. بوونی درەخت لەتۆوەکەیدایە، مریشک لە هێلکەدایە، سوێرێتی لە خوێدایە، بەو پێیە سوێرێتی بوونێکی هێزەکەی (ماتەووزە)یە؛ بەڵام کاتێ ڕووکرایە پەرداخە ئاوێکەوە، بەکردەیی سوێر دەبێت. لەبەر ئەوەی ویستی خوا ڕەها/ بێ‌سنوورە، چاکی، یان خراپی مرۆڤ پێش لەدایکبوونی(لەوح مەحفوز)دا بڕدراوەتەوە. لای جەبرییەکان (ئەشعەری، حەدیسی) مرۆڤ چارەنووسی خۆی دیاری ناکات. چی نووسرا بێت لە سەری، هەر ئەوەیە. ئەشعەرییەکان بە تێوری کەسب هەوڵی دەربازبوون لە تەڵەزگەی ئازادی و سزا دەدەن: دروستکەری کردار و کردەوەی باش/ خراپ لە بنەڕەتدا هەر خوایە، بەڵام ئەنجامدانەکە بەویستی مرۆڤە و هەر توانایەک کە خوا پێی‌بەخشیوە، هیچ کاریگەریی لە سەر دیاری کردنی چارەنووسەکەی نییە. لێرەوە، ئەو پرسیارەی فەلسەفەی ئیسلامی سەرقاڵ کردووە: چۆن فرەیی/ جیاوازی لە یەک هەبووە دەکەوێتەوە؟ چۆن لە نەبوونەوە، هەبووەکان بەدیهاتوون؟ ئایا خراپە لە نەبوونەوە، بەدیهاتووە، یان هەر هەبووە لە بنەڕەتدا؟ ئایا بنەڕەت —جەوهەر

8. Potential being
9. Actual being

لە خۆیدا هەر یەکە و دەرکەوت و لێکەوتەکانی فرە و جیاوازن؟ ئایا فرەیی، جیاوازی و ململانێ و ناکۆکی و ناتەبایی هێز و بکەرەکان لە بووندا تەنیا دەرکەوتن و هۆکار نین؟ بەڵکوو لێکەوتەی ویستێکی هەتاهەتایی بەدیهێنەرن (خالقن)؟

ئەم پرسیارە میتافیزیکییانە، مشتومڕی گەرمی لە نێوان خوێندەوارەکاندا خستەوە و هۆکارێکی سەرهەڵدانی تەوژمی ئەقڵانی (موعتەزلیە) لە کاردانەوەشیدا (ئەشعەری) بوو. ئەشعەریزم کاردانەوەیەکی دژ بە ئەقڵانییەتی موعتەزیلە و هەروەها تەنیا بزاڤێکی نەبوو بۆ خاوێن کردنەوەی ئیسلام لەو بابەتە نامۆیانەی دزەیان کردبووە، ناوییەوە، بەڵکوو هەوڵی یەکخستن و پێکەوە گونجاندنی ویژدان-ئاگایی- ئیسلامی و بیروباوەڕی باوی مسوڵمانانیش بوو (إقبال ۱۹۸۹، ۵۹). پاڵنەریی ئەشعەری هەر هزری-ئەقاید-ی نەبوو، بەڵکوو پاڵنەری سیاسی کە سەقامگیر و لێک نەترازانی ناوخۆییش بووە، وەک چۆن پاڵنەری هزری موعتەزیلەش ڕەهەندی سیاسی هەیە (هینری کۆربان ئەمە ڕەت دەکاتەوە)؛ چونکە "بنەمای دادوەری" هەر دادوەریی خوایی ناگرێتەوە، بەڵکوو ڕەوایەتی فەرمانڕەوایەتیشە. بیرۆکەی مافی هێزی ڕەها بۆ تاکە فەرمانڕەوایەک، بناغەی ستەمکارییە؛ چونکە لەو باوەڕەوە سەرچاوەی هێز نابێت دابەش بکرێت و لەلایەن کەسێک، یان گروپێکەوە قۆرخ بکرێت. پرسی یەکایەتی (باوەڕ، کۆمەڵ و قەوارە) و یەکگرتووی دەسەڵات ئاماژەیەکی هێمایی ڕاستەوخۆیە بە هێزێکی یەزدانی بێ‌سنوور. مادام یەک خوا و یەک هێز لە گەردووندا هەیە، پێویستە یەک دەوڵەت و یەک جەستە و یەک قەوارەی سیاسی هەبێت. ئەمەش وەک ڕاستییەکی پیرۆز کە خوا یەکە، دەسەڵاتی فەرمانڕەواش لە دابەشکردن نایەت و جیاوازیی بیروبۆچوونیش لەم بارەوە ڕێپێدراو نییە.

هەر لەو سۆنگەوە 'ئەنتیگۆنە' تەنگەژەیەکی هزری خستە فۆرمێکی ئەفسانییەوە: چۆن دەکرێت یەک دەوڵەت لە خۆیدا، کۆمەڵێک هێز و بکەری جیاواز و فرە و دژیەک لەخۆبگرێت؟ لە هزری یۆنانیدا، یەکێتی و فرەیی/ جیاوازی لە یەک کات و شوێندا ڕێی تێدەچێت هەبن. توانای ناکۆکی و توانای یەکێتی وەک دوو ڕاستی سەربەخۆن لە جیهان و دەوڵەتشار[10]دا. ئەو دوو **ڕاستییە** سەربەخۆیە، وەک **ڕاستییەکی** یەزدانی تەواکار لە کاروباری دەوڵەتدا ڕاڤە کراوە. لەلایەک، ململانێ و ڕکابەری و ناکۆکی بەهادارە، لەلایەکی تریشەوە، ئەو بەهایە بە هەستی ئینتما (بۆ هەمان گروپ) پێویستی یەکێتی و یەکبوونی کۆمەڵایەتی تەریب کراوە. ئەمەش لە سیاسەت، لە جەنگ و ناکۆکی و زۆرانبازی، گوتاربێژیی و ڕەوانبێژیی ناو 'ئاگۆرا'دا و شانۆکەدا دژیەکییەکی تێدا بەرجەستە کراوە و ڕەنگی داوەتەوە.

---

10. polis

بەو پێیەی ئەفسانەی مەم و زین هەڵگری ئەو تەنگەژانە لە خۆیدایە، خوایەکی بێ‌هاوتا و تاک و تەنیا لە چاکەدا، لەولاوە خراپەش هێزێکی کارایە لە جیهان و دروست کراوەکانیدا. لە دیوی کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەش، 'یەکێتی و یەکگرتوویی کوردان وەک هێزی مانەوە و سەربەخۆیی و سەروەری، بە دەست ناکۆکی و جیاوازیی نێوخۆیی و کاریگەریی دەرەکییەوە گیری‌خواردووە. چاکە لە پاڵ خراپە، لە فۆرمی ئاکار، سیاسەت و کۆمەڵ هەیە و جۆرێک لە پەیوەستبوونی دژیەکەکان، تەنگەژەیەکی سەخت و تاڵی خستۆتەوە. لای خانی خراپە ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆی پەرتەوازەیی، خۆخۆریی میرانی کوردە، خۆشەویستی کە هەوێنی یەکگرتنە (کورد، مەم و زین) ئەویش بێبەری لەپەرتبوون نییە.

دیدی دووانەیی (خراپە/ چاکە) کە ڕوانگەیەکی دێرینی مرۆڤایەتییە، ئێستەش لە بواری ژیری دەستکرد[11] و کۆمپیوتەردا جووت ژمارە[12]یی بنەمای ئەلگۆریتزمە. ئەو بیرۆکە دێرینە وەڵامێکی ساکاری هۆکارسازیی ڕووداوەکانی ژیان بووە و ئێستەش وەک ئەگەرە ناکۆتاکانی جیهانی زیرەک دادەنرێت؛ بەڵام ئەو دیدە لە ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی کارەساتە دووبارەکان کورت دەهێنێت. هەڵبەت، لە هۆنینەوەی چیرۆکی داستان و کاراکتەرەکاندا هەبوونی خراپە، وەک ناچاری دادەنرێت و لەمەشدا لۆجیکێکی ماقوڵ هەیە؛ بەڵام ئەو ڕاڤەکردنە لە نێوان پاساوسازی و 'هۆکارسازی[13]'دایە و ئەو وەڵامانەشی کە هەبوون تەواو قایلپێکەر نین. چاکە و خراپە دووانەیەکی لێک دانەبڕاون و لە هاوکێشەیەکی پەیوەستکار و یەکتر تەواوکاردان، هەمیشە لە کارلێکی پێچەوانەدان. ئەگەرچی ئەو هاوکێشەیە لە فۆرمێکی دیالیکتییانە- تێزە/ دژەتێز-دایە؛ بەڵام هۆنینەوەی لە تیۆلۆجیا (جو، کریستیان و ئیسلام)دا تەکنیکێکی زیرەکانەیە، ئامادەکاری نیشاندانی دەسەڵات و توانای خوایە. لە ڕێی خراپە (ئەهریمەن/ شەیتان- ئیبلیس)وە، خوا دەبێتە چەقی باوەڕکردن و قایل پێکردن. ستراتیجیەتەکە بریتیە لە: وێناکردنێکی تەنگەژە دژیەکییەک وەک پاساودانێکی دەروونی متمانەکردن بە توانای نەبڕاوەی خوا! لە کاتێکدا ڕەگوڕیشەی 'خراپە/ چاکە' هی قۆناغی بەر ئایینە و لە ئەفسانە و خورافەکاندا ململانی هێزەکان بەسەر چاکە و خراپەدا دابەشبوون. وێناکردنی جیهانێکی پێک ناکۆک، پاساوسازی هەبوونی خوایەکی تاک و تەنیایە، بەڵام 'ئەپیکۆر' بە لۆجیکییانە هەبوونی خوا و خراپەی وەک دژەبەڵگەی هەبوونی بەدیهێنەرێک لە جیهاندا بەکارهێناوە.

11. Artificial Intellegence
12. Binary numbers
13. Reasioning

## ٢- هۆکارە بوونەکییەکانی خراپەکاری

لە سەرەتای دیباچەکەدا خانی دەپرسێت: بۆچی هەبوون لە نەبووەنەوە بەدیهێنرا؟ لەبەرچی خودا هەبووەکانی بە مرۆڤ و بوونەوەرەکانەوە، بەپێی سیفەت و کرداری جیاواز لە یەکترەوە بەدیهێناوە. ویستی خوایی ڕەهایە، گەردوونی لە دوو هێزی دژیەک ئافراندووە و لە هەموو ڕەنگ و توخمێک، دژەکەشی دروست کردووە: هەژار/ دەوڵەمەند، دڵخۆش/ ناشاد، ئاو/ ئاگر، ئاسمان/ زەوی، وشک/ تەڕ، ژیان/ مەرگ، رووناکی/ تاریکی، درۆ/ راستی، دۆزەخ/ بەهەشت، پاداشت/ سزا، تۆڵە/ بەزەیی و هتد، ئینجا، مادام هاودژەکان و جیاوازییەکان هەن، دەبێ چ حێکمەتێک لەوەدا بێت کە پێکەوە لە یەک جیهان و شوێن و کاتدا هەبن؟ ئەگەر جیاوازیی نەبێت، لێک جیاکردنەوە و ناسینەوەش ئەستەمە. جیاوازی، دژیەکی بونیادێکی ئۆنتۆلۆجی هەیە. دژیەکی دەبێتە بنەمای لێکدانەوە و پاساودانی جیاوازییەکان. ناتوانی باس لە چاکە بکەی، ئەگەر دژەکەشی نەخەیتە بەرچاوت. بەبێ جیاوازییان، ناساندن و پێناسە کردنی نابێت. جیاوازی و دژیەکی سەرەتای ناسینەوە و لێک تێگەیشتنە، نەک دابڕانی کۆتایی، چونکە لە جیاوازییەوە پێکەوە سازان دەکەوێتەوە. پێکەوە گونجان، پێکەوە هەڵکردن و پێکەوە ژیان، بەبێ جیاوازی و ناکۆکی و دژیەکیش نییە. دیالیکتیکی یەکتر تەواکەر لە ڕێسای پەیوەستبوونی دژەکان بەیەکەوە لە ئەزەلەوەیە دەریدەخات کە خواوەند دوو پێچەوانەی پێکەوە خەڵق کردووە و کردوونی بە هاوڕێ- هاوتای- یەکتر. تاکوو بە یارمەتی یەکترەوە هەردووکیان بۆ هەڵسووڕانی گێتی دەربکەون. فەلسەفەی خانی، فەلسەفەی بنچینەی زەردەشت دەهێنێتە یاد کە لە سەر هاوکاری دوو ڕەوان (ڕۆح) دامەزراوە کە پێچەوانەی یەکترن / ڕۆحی چاکە و ئەویتر خراپە (وەهبی ٢٠٢٢، ١٢٦.ب٢). ئامانجەکەش، ڕاگرتنی هاوسەنگی 'بوون'ـە لە دۆخێکی دووانەییدا.

دواتر پرسیارێکی تر دێتە ئاراوە: لە حیکمەتی خوا سەرسامم، چما کرمانج /کورد لە دەوڵەتی دونیادا بێبەشە و بۆچی ژێردەستەیە؟ (خانی، مەم و زین ٢٠٢٢، ٢٩). بۆچی عەجەم و ڕرۆم کورمانجیان کردۆتە ئامانجی تیری قەزا؟ (خانی، مەم و زین ٢٠٢٢، ٣٠). ئەم پرسیارە بیرکردنەوەی خانی بەرەو لێکدانەوەی بنەڕەتی بوون/ گەردوون بردووە. لەوێوە هەوڵیداوە نهێنی دژیەکی و پێک ناکۆکانی بوون بدۆزێتەوە، بۆیە دواتر دێتە سەر چوار ڕەگەزی سەرەکیی بوون/ جیهانی لە سەر پێکهاتووە؛ ئاو، هەوا، خاک و ئاگر (لە فەلسەفەی دێریندا باوبووە)؛ بەڵام کارلێک لە نێوانیاندا وایکردووە هاوبەستە و یەکتر تەواکەربن. دژیەکەیان دۆخێکی دیالیکتیکی هاوبەست و پەیوەستکارییان دروست کردووە، ئەگەر ئاگر بکووژێتەوە، هەوا بۆشاییە، بێسوودە، ئەگەر ئاو نەما، خاک وەک کلۆرە و بێبایەخە. کارلێکی بەردەوام لە نێوان توخمەکانی گەردوون و جیهاندایە و

بەلازم و مەلزوم باسی دەکات (خانی ٢٠٢٢، ٣٠٤-٥). ئەگەر ئەوە سەبارەت بە پێکهاتەکانی بوون و جیهان ڕاستە، ئایا ژێردەستەیی گەلەکەشی بەشێکە لەو دیالێکتیکە؟ لە کاتێکدا خانی ژێردەستەیی گەلەکەی بە خراپەیەکی مۆراڵی دادەنێت، دەشڵێت: لە ئەزەلەوە خوا وایکرد 'عەجەم و ڕۆم' بەسەرماندا زاڵ بێت. ئایا ویستێکی خودایی/ سەروومرۆیی هۆکارکردەکەیە؟ وەک چۆن 'بەکرێی خراپەکار دەستکردی بەدیهێنەرە، چارەنووسیش لەلایەن ئەوەوە دیاری کراوە! پێدەچێت 'زنجیرەی لۆجیکی ئەو دێڕە لەگەڵ ئەوەی پاشخۆی بچڕابێت (جەعفەر ٢٠٠٩، ١٩٥)؛ چونکە پاساوی لۆجیکی لەوەی کە داوتر لێی دەکەوێتەوە: ئەگەرچی پاشکۆیەتی ئەویتر (عەجەم و ڕۆم) سەرشۆڕییە، بەڵام بەرپرسیارێتی سەرەکی لە ئەستۆی خانەدان و میران و فەرمانڕەواکانە، نەک تاوانی شاعیر و ڕووناکبیر و هەژار بێت.

کێشەکە لەوێوە دێتە ئاراوە؛ بۆچی لەناو گەلاندا تەنیا کورد ژێردەستەیە، لەکاتێکدا بە ڕای ئەو کورد هیچ لە ئەوانی تر کەمتر نییە، بگرە، بەهێزتر و بوێرتر و بەتواناتریشە؟ دواتر دێتە سەر هۆکارە خۆیی و بابەتییەکانی پەرتەوازەیی و لاوازیی کورد، بەڵام لە دێڕی (٢٠٨) بەر دێڕێکی جیاواز دەکەوین: لە ئەزەلەوە ویستی خوا بوو کە ڕۆم و عەجەم بەسەر کوردا زاڵبن. بەدیوێکدا، ڕاڤەیەکی تیۆلۆجی هۆکاری بندەستییە کە چارەنووس‌کردە، بەڵام بەرپرسیارێتیش دەکەوێتە سەر چەند لایەکدا. ئەگەر بەوردی ئاشنای مشتومڕە کەلامییەکانی پێش خانی لەو بارەوە نەبین، دەکەوینە هەڵەوە. خانی پاساوسازی بۆ داگیرکاری ناکات. بەرپرسیارێتییەک دەخاتە ئەستۆی میر کە هۆکاری خۆیی کە چاوچنۆکی و خۆپەرستییە، کوردی بە ڕۆژی ڕەش گەیاندووە (خانی، مەم و زین ٢٠٢٢، ٢٦)؛ چونکە 'میر'ی لێوەشاوە کلیلێکی ڕزگاری و چارەسەرەکەیە؛ بەڵام چارەنووسین لە «ئەزەل»ەوەیە، بەڵام بە واتای لە ئەستۆخستنی بەرپرسیارێتی نییە. ئەوەش پرسێکە ئایا مرۆڤ دروستکەری ڕەفتارەکانی خۆیەتی، یان نا؟ موعتەزیلە و ئەشعەری لەوەدا جیادەبنەوە. ئەوەی دواییان پێیوایە هەندێک ڕەفتار لە دەستی مرۆڤ خۆیدا (مکتسب)یە.

خانی تەنیا لە سەر ئەو دوو جۆرە هۆکارە ناوەستێ، ئاماژە بە هۆکاری بابەتیی وەک: یەک نەگرتن، خۆخۆری و پەرتەوازەیی لە سەر بنەمای خێل و تیرە، پارەپەرستی و بەرژەوەندخوازی لە سەر حسابی نیشتمان دەکات. هەروەها ڕێزنەگرتن لە زانا و ڕووناکبیر (بەیتی٧٦). دابەشبوون و دووبەرەکی، میری نەزان و لوتبەرز، خۆپەرستی، ئیرەییبردن بە یەکتر، پاشکۆیەتی و کۆیلایەتی خۆکردن. بەرچاوتەنگی و ئاسۆنەبینی و گوێنەگرتنی بۆ ڕای جیاواز (بەیتی٧٨). هەروەها نزیک خستنەوەی مرۆڤی کاسەلێس و دووڕوو و هەلپەرست، چاوچنۆکی دینار(دێڕی ٨٦)، بەڵام بۆچی گەلی کورد بە دەست ستەمکاری (نێوخۆیدا) و داگیرکارییەوە بناڵێنێت؟ لە وێنە گەورەکەدا

پرسیارەکە بریتییە لە: بۆچی خراپە بەسەر چاکەدا سەردەکەوێت؟ ئاخر چۆن خۆپەرستی بەسەر خۆشەویستیدا زاڵ بێت؟ بۆ خۆشەویستەکان، بە دەست ئێش و ئازارەوە بناڵن؟ بۆیە پرسێکی بوونەکی لە چیرۆکەکەدا کە تراجیدیای مرۆڤێکی ئەویندارە، هاوشێوەی بەسەرهاتی مرۆڤگەلێک زەق دەبێتەوە. هەر ئەمەش نووسەر دەباتەوە سەر پرسێکی بنەڕەتی: خراپە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ هەر خۆی بۆ دەبێ خراپە لەم جیهانە ڕێکوپێکەی بەدیهێنراودا هەبێت؟

پێناچێ خانی چارەسەرێکی تەواو فەلسەفی بخاتەڕوو، بەپێی ئەو تێگەیشتن و کەرەسانەی پێکهێنەری بیرکردنەوە و هزری بوون، پرسی هەبوونی خراپە لە جیهاندا پرسێکی فەلسەفی و تیۆلۆجییە. پرسی بوونە کە دەکرێت وەڵامێکی ژیرەکی بدرێتەوە، یان لە سۆنگەی ڕێبازی جەبری و تێکەڵ بە ئەشعەری، دەیەوێت وەڵامی بۆ بدۆزێتەوە. ئەشعەرییەکان، جیاوازتر لە موعتەزیلە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەنەوە. ڕاستە، لە دەستنیشان کردنی کێشەیەکدا، ژیری وەک ئامرازێ بەکار دەهێنن؛ بەڵام دواجار بە ئەقڵ توانای خۆی بێدەنگ دەکەن؛ چونکە هۆکارێکی بانمرۆیی دەکەنە بەرپرسیار و چارەسەر، ئەوەش لەپێناو بێهیوانەکردنی مرۆڤە لە ژیاندا، بەڵام پرسیارە فەلسەفییەکە ئەمەیە: بۆ خراپە هەر هەبێت؟ لە دیباچەکەدا خانی سێ پرسی بوونەکی هەیە؛ یەکەمیان: پرسی بوون، خودا و 'هەبووەکانە'[14]. بەو پێیە، بوونی خودا وەک هەبوویەکی تاک و تەنیا جەوهەرە. بوونیش بەگشتی یان کردەکییە[15] یان –ڕێتێچوو- هێزەکییە، دەخاتەڕوو[16]. لێرەوە، بوونی خودا 'دەبێ هەر هەبێت- ناچارەکییە[17]، بەڵام هەر چییەک لە دەرەوەی ئەوە وەک 'گەردوون، جیهان و مرۆڤ، خراپە' هەبوونێکی ئەگەرییان هەیە[18] و دەکرێت هەبن، یان نەبن (خانی، مەم و زین ۲۰۲۲، ۱۳). جەوهەر بنەڕەتییە و بە جیهانی بەرز و سەرچاوەی هەبووەکان دادەنرێت؛ بەڵام دەرکەوت[19] جیهانە مادی و سروشتییەکە سێبەری جیهانە بنەڕەتییەکەیە، بۆیە گۆڕاوە، ناجێگیرە، لە بزاوتی بەردەوام و ناتەواویدایە[20]. لەبەر ئەوە، پڕە لە ململانێ و ناکۆکی و کەم و زیادبوون، واتە خەسڵەتی جیهان/ بوون، نوقسانییە.

پرسی دووەمیش بریتییە لە 'خراپە' لە سەر ئاستی کردەوەی مرۆڤ. دەکرێت مرۆڤ چاک، یان خراپ بێت؛ بەڵام خراپە لە بنەڕەتدا لە خواوەیە، ئەمە نەک لەبەر ئەوەی خوا وەک سەرچاوەی

---

۱۴ . الموجود

15. Actual being
16. Potential being

۱۷ . واجب الوجود

18. Contigent

۱۹ . لعرض

۲۰ . سەرچاوەی ئەم بۆچوونە بۆ ئەفلاتوون دەگەڕێتەوە.

چاکە، خراپەشی پێ‌پەسەند بێت، بەڵکوو خراپەکردن بژاردەی ویستی مرۆڤ خۆیەتی، بەڵام خراپە وەک چاکە هەر لەلایەن خواوەیە. 'خانی' هاوسەدەیەکی 'مەلاسەدرا' و 'سەدرەدینی شیرازی' و 'لایبینز'ە. چارەسەری دووانەیی خوا / جیهان، چاکە/ خراپە، ڕۆح/ مادە، خوا/ شەیتان، عەدالەتی خوایی/ ستەمکاری، فەرمانڕەوا (خەلیفە/ سوڵتان) بەجۆرێک کردووە و ویستوویەتی پرسی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی خوایی لە کاروباری جیهاندا بەتایبەت بەتەنگەوەهاتنی گەلەکەی بخاتە نێو پرسیارێکی تیۆلۆجییەوە. خوا بۆ یەکێتی و یەکانەیی، شەیتان فرەیی و جیاوازی و ناکۆکی و ململانێ. ڕەنگە لە ڕێی بیرۆکەی 'هاوسەنگی خراپە/ چاکە'وە، ڕاستییە تاڵەکەی قبوڵ کردبێت کە چەوسانەوەی گەلەکەی بە ویستی خوابێت؛ بەڵام ئەوەشی بۆ ئەو ڕاستییەی گەردوون گەڕاندووەتەوە کە بریتییە لە دانایی و نهێنیەکی پیرۆز کە ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە خۆی بە دەستەوە نادات. تەنیا لای خوا زانراوە و مرۆڤ پێی نازانێت. بۆئەوەی هارمۆنی و ساینتێزی دووانەی چاکە/ خراپە بکرێت، دەبێ دوو جەمسەری دژیەک هەبێت. دۆخی بوون، دۆخێکی لێکدراوە، نەک سادە، فرە جەمسەر و ئاوێتەیە. دەبێ خراپە لەپاڵ چاکەدا لە ململانێ و ناکۆکیدا بێت، دەنا یەکگرتن و پێکسازان نییە و پێویست ناکات. لە بنەڕەتدا پێش ئەوەی جیهان بێتە بوون، بە باوەڕی ئەشعەرییە هەموو شتێ لە چارە نووسراوە؛ بەڵام ئەوەش کۆتایی پرسەکە نییە، بەڵکوو دەستپێکی چیرۆکی ژیانە کە دەبێ مرۆڤ لەوێوە هەوڵبدات و لە ناخدا نائومێدی نەبێت بە دۆخەکە تا چارەسەری بکات.

لێرەوە، خانی لە ئاستە تیۆلۆجییەکەوە بۆ واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری کوردبوون دەگوێزێتەوە، ئەو هاوکێشە تیۆلۆجییەش بەسەر واقیعەکەدا جێبەجێ دەکات و پێی دەخوێنێتەوە. هاوکات، واقیعبینانە کێشەکانی کۆمەڵگای کوردی دەکات و هۆکارە خۆیی- مرۆڤی کورد خۆی- و هۆکارە بابەتی -ڕەوشی داگیرکاری زلهێزەکان- دیاری دەکات، بۆیە پرسیارە سەختەکە ئەوەیە: ئایا ژێردەستەیی و زاڵبوونی ئەویترەکان بەسەر کوردا خواکردە- ویستی خواییە-، یان خۆکردە، یان هۆکارگەلێکی تر لەپشتەوەیەتی؟ لە بنەڕەتدا وەڵامەکە ئەوەیە هەبوونی خراپە لە جیهان و ژێردەستەیی گەلەکەی ناکۆک و دژ بە کەماڵی-تەواوبوونی خوا نییە، بەڵکوو ڕێگەدان بە فرەجۆری و فرەجیاوازی لەبەر ئەوەیە چاکە، **بوێری**، لێبوردن و قوربانیدانیش هەبن. ئەگەر تەنیا چاکە لە جیهاندا هەبێت، ئەو سیفەتە باشانە سەرهەڵنادەن. قوربانیدان لەپێناو چاکەدا و لێبوردن و بوێری کاتێک دەبێت کە خراپەکاریش ڕێی‌پێدرا بێت. هەبوونی خراپە بەڵگەی ئازادیی ویستی مرۆڤە و سەرپشکی دەکات لە بەرپرسیاربوونیدا بەرامبەریان.

### ٢--١ ڕێسای پێکەوەیتی هاودژەکان

لە دێڕەکانی (١٦-٧، ٢٠) دا خانی باس لەیەکگرتنەوەی ساینتیزەی لاهوت/ ناسوت، ڕۆح/ جەستە/ مادە دەکات. ڕۆح پلەیەکی بەرزی یەزدانی هەیە (دێڕی٢٠)، هەردووکیشیان لە زانینی یەزداندا نەمرن، ئەگەرچی لە دەرکەوتدا ڕوودان- دیاردەن. سەرباری ململانێ و ناکۆکی خراپە و چاکە، بەڵام جیهان لە باشترین شێوەدا دروست کراوە (دێڕی٤٢). ئەم بۆچوونە لەگەڵ تێزەکەی 'لایبنیز' کە ئەم جیهانە باشترینی جیهانەکانە لەنێو ئەگەرەکانی بووندا دێتەوە. هەبوونی خراپەش بەڵگەی باشترێتی جیهانە، نەک خراپی. هەبوونی خراپە پێچەوانەی باشی جیهان نییە، بەڵکوو خراپە دەرکەوتێکە بۆ سەلماندنی ئەوەی ئەم جیهانە چەندە چاکە کە تەنیا زانا و داناکان هەستی پێدەکەن، ئەوانەی تر بە ڕواڵەتەکان هەڵدەخەڵەتێن و بە سروشتی مادی فریویان خواردووە و لە جەوهەری ڕاستی نەگەیشتوون (دێڕی ٧٧). خوا جەوهەرە، ڕاستی بوون لە خۆیدا یەکە، بەڵام لە دەرکەوتدا فرە و جیاوازە، واتە دەبێ لە دەرکەوتندا چاک و خراپ هەبێت، بۆئەوەی ڕاستی ببینن، دەبێ وێنە، دەرکەوت لە هەقیقەت جیابکەنەوە (ئەفلاتوونیزم).

ڕاستە جیهان یەک بەدیهێنەری هەیە و فرەیی لە دروستکراوەکان و جیهاندایە. لەنێو فرەییدا هەمیشە جیاوازی و ناکۆکی و دژەیەکی هەیە کە سەلمێنەری ڕاستیی یەکانەیی جەوهەر/ خودا-یە. خانی جیاوازیی خراپە و چاکەی لا مەبەستی سەرەکی نییە، هەوڵی گونجاندنیان لە جیهاندا ئامانجە. دەرکەوتنی فرەیی- جیاوازی تەنیا لە سەرچاوەیەکەوەیە کە خوایە و هەر خۆشی دروستکەری چاکە و خراپەشە، وەک چۆن دەرکەوتنی چاکە، دەرکەوتنی ویستی بنەڕەتی خوایە، ئاوەهاش خراپە کە لە بنەڕەتا هەردووکیان بۆ ئەو دەگەڕێنەوە، کەوایە یەکێتی دژەکان-ساینتێزە-ئەگەرێکە و ئەستەم نییە؛ چونکە چاک/ خراپ لە مرۆڤ و لە گەردوونیشدا هەن؛ بەڵام کێ لە سەر ئاستی کۆمەڵگا، فەرمانڕەوایەتی یەکێتییەکە دەکات؟ میر، لە سەر ئاستی گشتی، خۆشەویستی و هیوا لە سەر ئاستی تاکەکەس، وەک چۆن سیفەتە فرەکانی خوا بەزەیی و لێخۆشبوونە لەبەرامبەریشدا تووڕەیی و نەفرەتە، لە خوادا یەکیان گرتۆتەوە. ئیبلیس کە دروست کراوێکی خوا خۆیەتی و ڕۆڵەکەشی: خراپە نییە لە خۆیدا، بەڵکوو لە ڕواڵەتدا وادیارە کە بێ فەرمانی خوای کردووە. لە پێناو بەرزراگرتن و خۆشەویستیی ناکۆتای بۆ خوا، کڕنووشی بۆ ئادەم نەبرد[٢١] و جگە لە خوا کەسی تری بە شایەنی ئەوە نەزانیوە. هەروەها زانی مرۆڤ لە گڵ دروست کراوە و هۆکاری بشێویشە لە سەر زەوی[٢٢].

---

٢١. سوره الأعراف ١١مکیه.

٢٢. کەسێتی ئیبلیس شایەنی ئەوەیە لای خانی و بن الجوزی تلبیس ابلیس دا بەراوردێک بکرێت.

مرۆڤیش پارادۆکسێکە، سەرەڕای بەرزڕاگرتنی لای خوا و فریشتەکانی[٢٣]، پڕە لە نەزانی، نەفامی و کەمسەری. نەزانییەکەی لە چوونە ژێرباری ئەرکێکی سەختەوەیە: جێنشینایەتی خوای لە سەر زەویدا[٢٤]! بەڵام نەک هەر ئەو بەرپرسیارێتییەی پێ‌هەڵنەگیرا، بێ فەرمانی خوای کرد[٢٥]. ئەم پارادۆکسە ڕاستییەکی تری «بوونەکی» دەردەخات. دۆخی «بوون و هەبووەکان»ـە لە دیدی «خانی»دا بەگشتی دۆخێکی ڕێتێچوو، ئەگەرییە[٢٦]. جیهان و مرۆڤ هەبوونێکی هێزەکییان هەیە کە دەکرا نەبوونایە. هەروەها لەو گێڕانەوەیەدا کاراکتەری ئیبلیس دژەتێزە: دژ بە چاکە، دژە بە خۆشەویستییە. ئیدی، کۆمەڵێک پارادۆکس لە جیهان و سەرووجیهاندایە. 'بەکر'ی خراپەکارێکە نیازەکانی بۆ دەچێتە سەر و «مەم و زین» لێک دادەبڕێن! گەلێکی وەک کورد بە دەست دوو زلهێزەوە گیریان خواردووە و ئێش و ئازاری سەخت دەچێژن. لە پارادۆکسی «ئیبلیس، خوا و ئادەم»دا، ئادەمیزادێک دەبێتە ئەوەی نەفرەت لە ئیبلیسێکی شەیدا و نزیک لە خوا بکرێت! ئیتر دەبێ چ حیکمەتێک لەم ناسۆر و ئێشانەدا هەبێت؟ گێڕانەوەکە بەپێی سیناریۆیەک بەڕێوە دەڕوات: لە دەرکەوتدا بێهوودەیی سەرتاپا هەیە؛ بەڵام لە بنەڕەتدا هەموو شتێک پڕە لە "ویستی خوا"ی بەدیهێنەری چاکە و خراپە. لە سەر "شانۆ"ی جیهان ڕاستییە دژیەکەکان دەردەکەون و ئامانج و پەیامیش لە ئیبلیس و دەست بڵاوەکردنی، دەرخستنی نهێنی دژیەکی چاکە و خراپە لە گەردووندا (علي ٢٠٠٧، ٦٢).

ئەگەر بە ڕواڵەت ئیبلیس خراپەکارەکە بێت، دیوێکی تری هەیە، بۆیە خانی دەڵێت: «ئیبلیسێ فەقیری بێ جنیایەتی، هندێ تە هەیو دگەل عنایەت. هەر ڕۆژ دکر هەزار تاعەت"، واتە جگە لە تۆ سەر بۆ کەسی تر دانانەوێنێت» (خانی، مەم و زین ٢٠٢٢، ١٢). ئامانجی خانی لە سیناریۆی سەرپێچی کردنی ئیبلیس لە کڕنووشبردن و نەفرەت لێ‌کردنی، ئەوەیە هێشتا مرۆڤ پەی بە حیکمەتی خوا لە گەردوون و دروست کردنی بوونەوەرەکاندا نەبردووە. هەروەها لە ئاستە گەوەرەکەشدا، ئێش و بەدبەختی و لێقەوماوی گەلی کوردیش بە دەستی داگیرکەرانەوە، بە دەستی نەزانی و ناتەباییەوە، نیشاندانی ڕاستییەکە، کورد میرێکی کارزان و دڵسۆزی نییە. هەروەها چەندە ئێش و ناسۆرەکانی مرۆڤ زۆربن، ئەوەندەش بە ئاگا دێتەوە. بۆ ئەوەی ڕاستییەکان دەرکەون، دەبێ ناخی

---

٢٣. سوره الإسراء مکیه ٧٠.

٢٤. سوره البقره مدنیه ٣٠.

٢٥. سوره الأحزاب ٣٣.

26. Contingent

مرۆڤ پاڵفتە بکرێت و خراپە و چاکە ئامرازێکن و ئەرکی درککردن بە نهێنی بوون و ژیان و خوا دەگرنەخۆ. ئەقڵی مرۆڤ سنووردارە و ناتوانێت لە جیاوازی و دژیەکیانە و ناوەڕۆکی خودا تێبگات.

لێرەوە، خانی لە سێ کوچکەی خوا، گەردوون و مرۆڤ، پەیوەندییەکی نێوکۆیی ئاڵۆز و پڕدژیەکی دەخاتەڕووو. مرۆڤ "نێوانبوویەکی" دوو جەمسەری خوا و جیهانە. مرۆڤ بە ڕەهایی سەرپشک نییە، بەڵکوو مرۆڤی سەرپێچیکار و خراپەکار جگە لە دەرکەوتنی ڕاستییەکی شاراوە سیفەتی خوا خۆیەتی و هیچی تر نییە (بەیتی ۱۸۰). هەموو شتێ، هەموو کەس لە ئەزەلەوە لە چارەی نووسراوە و لە زانستی خوادایە کە دەبێ چۆن بێت. لەبەر ئەوەی سیفەتەکانی خوا 'زانین، دەسەڵات و ویست' لە خۆیاندا نەگۆڕن؛ بەڵام ئەو ڕووداوە دژیەک و گۆڕاوانەی جیهان، جگە لە ئاوێنەی ویستی "ئەو" هیچی تر نین. هەموویان بە جۆرێک ڕەفتار دەکەن کە لە سروشتیاندا بۆیان دیاری کراوە. سیفەتی ناکۆکی و دژیەکی لەنێوان هەبووەکان، خەسلەتی جیهانی دەرکەوت-مادی-خۆیەتی. فرەیی و جیاوازی، پێکهێنەری جیهانە و هەر ویستێکی خوایی وایکردووە سەرپێچیکار بین (دێڕی ۱۸۱).

قسەکردن لە سیفەت و خەسڵەتەکانی 'خوا' لای خانی وەک بەشێکی زۆری موتەکەلمینەکان لە پاڵنەری سیاسی، کۆمەڵایەتی خاڵی نییە؛ چونکە بەپێی سەردەم و خوێندن و پاشخانی باوەڕداری و ئەو کەرەسانەی لەبەردەمیدابوون، ڕاڤەی دۆخی مرۆڤی کورد و چارەنووسی دەکات، بۆیە لێکدانەوەکانی ئەگەر نەڵێین کتومت، ئەوا بەگشتی هاوشێوەی بۆچوونی 'ئیبن عەرەبی، سینا، غەزالی و ئەشعەری و شارەزوریی'ـە، بەڵام داهێنەری ئەو، دیدی واقعیانەیە بۆ پرسە تیۆلۆجی و عیرفانییەکان لە سۆنگەی هەلومەرجی سیاسی و کولتووریی کوردییەوەیە. بۆچوونەکانی لە کۆنتێکستی واقیعی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردیدا دەخولێتەوە. جیاوازتر لە عارفەکانی پێش خۆی و هاوسەردەمەکانیشی، جیهانبینییەکی مرۆیی و واقیعی کۆمەڵایەتی/ سیاسی پرسیارهێنەرە لەبارەی ڕۆڵی دەسەڵاتێکی بانمرۆیی تێیاندا.

پرسیارە میتافیزیکییەکانی خانی تەنیا وتنەوەی بەڵگەنەویستەکانی نێو کتێبە کەلامی و عاریفەکان نییە، بەڵکوو هەڵقوڵاوی ناخی مرۆڤانەی خۆی و گەلەکەیەتی. لێرەوە پرسیار لە سەر چارەنووس- قەزا و قەدەر-ی گەلەکەی (ژێردەستەیی، پاشکەوتن لە زانست و نووسین و هزراندن بە زمانی دایک) دەکات. هۆشیاری گرێدانەوەی بابەتە تیۆلۆجی و میتافیزیکییەکان بە پرسە واقیعییەکانی کۆمەڵگای خۆیەوە، تایبەتمەندییەکی خانییە. لە پرسیاری ئەوەی بۆ چارەنووسی کورد بەو جۆرەیە؟ موعتەزیلیانە دەپرسێت، وەڵامی ئەشعەرییانەیە. ئایا ئازادی مرۆڤی کورد لە دەستی خۆیدایە، یان خوا؟ ئەگەر لای خوایە، بۆ خراوەتە ژێر چنگی ئەویترەوە؟ کورد دەبێ چی

بکات چارەنووسی خۆی بگۆڕێت؟ ئەگەرچی بەتەواوەتی ڕوون نییە کاتێ خانی لە دێڕی (208)دا دەڵێت: خوا لە ئەزەلدا وایکرد خراپەکاران -بەسەر کورددا زاڵ بن، دەبێ کورد چی بکات؟ بۆئەوەی وێنەیەکی گشتگیرترمان لە سەر تەنگەژەکە هەبێت، کتێبی 'ئەقیدە ئیمان'ی خانی باسی سیفەتەکانی خوا وەک: حی، قدیر، علیم، کلیم، سمیع، بصیر دەکات، پێی وایە ئەم سیفەتانە بە ئەندازەی کۆنی زاتی خوا، کۆنن، هاوکات خودی خوان، نە غەیری ئەویشن: قدیمن وکی ذاتی جملە سفات نە عینی د ذاتینە نە غیر ذات (علي ٢٠٠٧، ٢٦-٧). خوا نە جەوهەرە، نە جەستە، نە لە هەمەکی و نە لە هەندەکیدا دەرکەوتە، بەڵکوو لە سەروو هەموو نیازێکەوەیە. لەمەشدا کەمێک لە موعتەزیلە نزیک دەبێتەوە؛ بەڵام لە سەر شێوازی تێگەیشتنی "یەکێتیبوون" (علي ٢٠٠٧، ٢٦-٧). هاوکات، لە دەرەوەی ئەم لێکدانەوە کەلامییە، خانی بەڕوونی پەنجە دەخاتە سەر خراپەیەک کە "دەردەکوردە"؛ دەمارگیری خێڵایەتی: دێڕی ٢٣٥-٦. دەمارگیریی دژبەیەکبوون و هۆکاری دابەشبوونی نیوخۆییە لە سەر بنەمای یەکەی خێڵ. هەروەها کاریگەریی بکەرە خراپکارەکانەی وەک 'بەکر'ە لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا.

## ٢-٢- چارەسەری تەنگژەی چاکە و خراپە بە ڕێسای ناوهاودژیی

بەپێی 'ڕێسای هاودژیی'[٢٧] ئەرستۆ دەکرێت دەستەواژەیەک هاوکات ڕاست و هەڵەش بێت، یان هاوکات شتێک هەبێت و نەشبێت، بۆیە یەکخستنی دوو لایەنی پێک ناکۆک (خراپە و چاکە لە جیهاندا) تەنگەژەیەکی لۆجیکی و ژیانە لە جیهاندا، بەڵام لای خانی دەکرێت خراپە، چاکەی لێ بکەوێتەوە و چاکەش، خراپە. بەکر و تاژدین. ژێردەستەیی و چەوسانەوە، ڕێگەیەکە بۆ ئاگایی و هۆشیاربوونەوە. خراپە، هەندەکییە لە جیهاندا. چەندە داگیرکاری و دووبەرەکی هەبن، ئەوەندە ڕۆحی کوردبوون لە دیدی خانیدا بەهێز دەبێت. کورد و میرەکانی سیفەتی ئەرێنی، وەک: بوێری، ئازایەتی، مەردایەتی و میواندۆستی لەپاڵ خۆخۆری و نەفامی و دەمارگیریدایە؛ بەڵام ئەوانە هۆکارن بۆ ئەوەی ئاستی هۆشیاریی کوردبوون بەرزبنەوە، نەک پێچەوانەکەی. دەکرێت دەردەکە دەرفەت و دەرمانی چارەسەر بێت، ژەهری مار لە پێوەداندا کوشندەیە؛ بەڵام دەرمانی چارەسەری لێبەرهەمدێت. هەژدیها و گەنجینە، میر و مرۆڤی هەلپەرست، پەیوەندییەکی پێچەوانەیان نییە، بەڵکوو یەکتر تەواوکەرن. لەمەوە خانی کە باسی ژێردەستەیی و ناتەبایی ماڵی کورد و یەکنەگرتن و پاشکەوتوویی گەلەکەی دەکات، دەیبەستێتەوە بە پرسیارێکی میتافیزیکیشەوە: دادی خودایی. ئەگەر ئەو خاوەن و نەخشەکێشی ئەو چارەنووسەیە، چۆن بکرێت دادی ڕەهای خودا لەگەڵ ژێردەستەیی و چەوسانەوەی کوردا دێتەوە؟

---

٢٧ . مانع الجمع

له ئیپیستمۆلۆجیای ئەشعەریدا پرسیاری "ڕاستی شت چییە؟" شتێ دەردەخات کە لە وەڵامەکانیاندایە کە شتەکان، تەنەکان لە خۆیاندا خەسڵەتێکیان نییە کە لە سروشتیانەوە هەڵقوڵابن، بەمەش جیاوازی لە نێوان سیفەتی یەکەمین و لاوەکیدا ناکەن، بەڵکوو هەموو سیفەتەکان بۆ ڕێژەی ئیعتباری دەگێڕنەوە (إقبال ۱۹۸۹، ٦١). بەواتایەکی تر، سیفەتەکان، جگە لە نیشانە، یان دەرکەوت، هیچی **تر** نیین؛ بەڵام خاڵیش نین لە جەوهەر، جەوهەر، یان جەوهەری تاک"[۲۸]. لەو سۆنگەوە، خانی بۆ تێگەیشتن و دۆزینەوەی سەرەداوی ئاخۆ بۆ کورد ژێردەسەتی گەلانی ترە، بەدیوێکدا نایبەستێتەوە بۆ هۆکارێکی ڕاستەوخۆ، بەڵکوو ویستێکی خوایی ناپەنهان، بە ئامانج و مەبەستێکی تر هەیە.

هۆکاری ئەنجام تەنیا ڕاڤەی دۆخی سروشت و ڕووداوەکانی جیهانی مادی نییە، بەڵکوو چۆنیەتی تێگەیشتنە لە کارەسات و ڕووداوە مرۆییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینیەکانیش. هۆکاری خراپە وەک نادادپەروەری خەلیفە، ڕۆڵی خوا و ئەنجام، فەرمانڕەوایەتی نادروست دیوێکی تری گرنگی ئەو گەنگەشەیەن. لەوێوە خانی دەپرسێت: کورد بۆ خراپی بەسەر هاتووە و وەڵامەکەشی ڕوونە: کۆمەڵی نەخۆشی و گرفتی نێو جڤاکی کوردستان لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دەکات؛ پەرتەوازەیی، بێ‌میری، نەبوونی خوێندن و زانست و پاشکەوتوویی، هەموویان دەرئەنجامن، نەک هۆکار. ئەگەرچی لێکەوتەی کۆمەڵێک شتن کە خانی ڕاڤەیەکی تیۆلۆجییان دەکات. دیاردە نەخوازراوەکانی کوردەواری: دووبەرەکی، خۆخۆری، ملدانەواندن بۆ یەکتر، دەمارگیری خێڵایەتی و هتد کە لێکەوتە و ئەنجامن، نەک هۆکار، واتە خراپە، چاکە، ڕەنگ و ڕواڵەت و قەبارە و سیفەت، هەمووی ئەوانە دروست کراوی خوان، تەنیا دەیاندەین بە شتەکان و ڕووداوەکان، کاتی گۆرین بۆ وەسف. خراپە لە خۆیدا، چاکە لە خۆیدا هی خوایە، بوونی هێزەکین، بەڵام کاتێک دەدرێتە پاڵ کارێک، دەرکەوتە، نەک هۆکاری بنەڕەتی. هەڵبەت، لە دیباچەکەدا پرسەکەی بەڕوونی یەکلایی نەکردۆتەوە، بەجۆرێک "موعتەزیلیانەیی" پرسیویەتی: چۆن دەبێ چارەنووسی مرۆڤ-کورد- پێشتر بڕیاری لە سەر درابێت و بەباش/ خراپە دیاری کرابێت؟ ئایا لە بنەڕەتەوە ئەو پرسە بڕدراوەتەوە؟ ئایا فەرمانڕەوای "کوردچەوسێن" لەگەڵ 'عەدالەتی خوای'دا دێتەوە؟ بەتایبەت کاتێک قەدەری/ چارەنووس دەبێتە بنەڕەت، بمانەوێت بزانین ئایا ئازادی بە ئەقڵەوە، یان بە شەرعەوە بەندە؟

پرسیارەکەی ئەقڵانییە و وەڵامەکەش شەرعییانەیە، هەر وەک لای ئەشعەرییەکان پاساوە میتافیزیکییەکە شەرعێنراوە، لای موعتەزیلەکانیش گومانی ئەقڵانی زاڵبووە. لە دیدی موعتەزیلەدا ئازادی خۆبڕیاردان، سەربەستی و سەرپشکبوونی مرۆڤ لەگەڵ دادوەری خودا یەکتر

---

۲۸ . جوهر الفرد

تەواوکەرە. جگە لەوەی توانای باڵادەستی خوا نیشان دەدات. لەبەر ئەوەی مرۆڤ خاوەنی ویستی ئازادە، سەرپشکە لە کردەوەکانی و خواش ئەو توانایەی پێبەخشیوە (عمارة ١٩٨٤، ٩٥-٦). بنەڕەتی تەنگەژەکە لەوەدایە؛ ئەگەر مرۆڤ خۆی لە خراپە (ناداپەروەریی، ستەمکاریی) وەک دیاردەیەکی مرۆیی بەرپرسیار نەبێت، ڕوودانی بە ویستی خواوە گرێ بدرێتەوە، ئیتر مرۆڤ ناچارە، دەبێت تەسلیمی ویستی خوا بێت! لە سیستەمە میتافیزیکییەکەیاندا گەردوون لە جەوهەر و دەرکەوت کە بە 'سیستمی زەرفی'[٢٩] ناونراوە، پێکهاتووە. هەموو هەبووەکان جگە لە خوا لە جیهاندا لە دوو جۆری جیاوازی جەوهەر و عەرەز-دەرکەوت (فخري ٢٠٠٤، ٨٧). پرسی چارەنووس و ئازادی و دادوەری، لە بنەڕەتدا غەیلانی دیمەشقی هێنایە ئاراوە: "ئایا خوا فەرمان بەخراپە دەدات؟ (أورفوا ٢٠١٠، ٩٥). دیوێکی پرسیارەکە سیاسییە و بەندە بە پرسی جێنشین-خەلافەت- لە دەسەڵاتدا، هاوکات دیاری کردنی ڕۆڵی خوایە لە جیهاندا تا چەند لە پێناو بەدیهاتنی دادوەریدا دەستێوەردان دەکات؟

بە ڕای ئەشعەری، مرۆڤ هیچی لە دەسەڵاتدا نییە، ئەگەر بیر لە دروستبوونی خۆی بکاتەوە لە کوێوە و چۆن هاتووە و گەشەی کردووە، بەدڵنیاییەوە بۆی دەردەکەوێت کە دروستبوونی خۆی لە دەستی خۆیدا نەبووە، بەڵکوو بەدیهێنەرە دەسەڵاتدارەکەی-خوا- تەنیا زانینی لەوە هەیە (الشهرستاني ٢٠٢١، ٦٠). بەو پێیە، زۆربەی کۆمەڵگای ئیسلامی شوێنکەوتەی ئەشعەرین، زاناکانی وەک باقلانی، ئەسفراینی، جوینی، غەزالی، بن تومرت و هتد، کاریگەرییان لە بڵاوبوونەوەیدا هەبووە (عمارة ١٩٨٤، ٣٤). غەزالی پێیوایە، خراپە ڕێژەییە، بۆیە خراپەی ڕەها و پوخت لە خۆیدا بوونێکی نییە، هەر بۆیە بۆ ئەوەی لە ڕاستی 'بڕیاردان بە ئەقڵ' کە بە "پێوەری دونیایی" پێمانوایە ئەقڵانییە، هەر دەبێ پەنا بۆ خوا بەرین، بۆنموونە لە وەڵامی 'ئایا جیهانی پڕچاکە خاڵییە لە خراپە؟ تەنیا باوەڕداڕێکی دڵ خاوێن و پشت بەخوا بەستوو، دەتوانێت بگاتە دڵنیایی-یەقین- (عمارة ١٩٨٤، ٣٤). لە تەنگەژەی چاکە و خراپەدا، خانی پێناسەی چەمکی خودا دەکاتەوە و پێیوایە، خوا بکەری هەموو شتێکە، ئاڕاستەکەرە؛ چونکە فەرمانڕەوای دروست کراوەکانی خۆیەتی کە بە ویست و خواستی خۆی بجووڵێنەوە. خوا خاوەن ویستی سەربەخۆیە کە هەموو شتێک هەر بۆ ئەو دەگەڕێتەوە و بە خۆشەویستیش بوونەوەرەکانی بەدیهێناوە (علي ٢٠٠٧، ٢٦-٧).

لەگەڵ ئەو خۆشەویستییەدا، لێپرسینەوەی هەیە و دەشکرێت بەمەبەستی تەمێکردن و بەبێ ئەوەی هەڵەیەکمان کردبێت، ئازارمان بدات (علي ٢٠٠٧، ٢٧). ویستی خوا لە سەروو هەموو سنوور و لێپرسینەوەیەکە، چونکە ڕەهایە. گەورەترین سزاشی ئەوەیە قەهرمان لێبگرێت و پشتمان تێبکات.

29. occasinalism

خوا ئازادە لە ستەمکردن لە مرۆڤ، چونکە سەرپشکە لە ڕەفتارەکانیدا. مرۆڤ خۆی خاوەنی خۆی نییە، موڵکی خوایە (علي ۲۰۰۷، ۲۷)[۳۰].

لێرەوە، کردەوەکانی مرۆڤ لەگەڵ ویستی خوادا لە دۆخێکی هارمۆنیکدایە. ئەو پێی وایە، ویستی خوا لە سەر خراپە و چاکە وەک یەکە، بەڵام بە کاری خراپە ڕازی نییە (علي ۲۰۰۷، ۲۷). ئەگەر ویستی خوا لەپشت زاڵبوونی داگیرکەران بەسەر کوردا هەیە، بە واتای ئەوە نییە کە لە کردەوە خراپەکانیان ڕازی نییە. ئەوەش بە دیوێکدا لەگەڵ ئەو ڕێسایەیە، چاکە لە خواوەیە و خراپەکاریش لە مرۆڤەوەیە. خوا ویستی خراپەکردنی نییە؛ چونکە ئەگەر وانەبایە مرۆڤ بەرپرسیارێتی لە سەر دەکەوت و لێپرسینەوە و پاداشت/ سزا بێهوودە دەبوو (علي ۲۰۰۷، ۲۸). بەرپرسیارێتی لە ئەستۆی مرۆڤە. ئەگەرچی مرۆڤ خۆی دروستکەری ڕەفتار، یان کردەوەکان نییە، تەنیا ئەنجام و لێکەوتەی کردەوەکانیەتی لە ئەستۆیدایە. ئەمەش تەڵەزگەیەکی ترە، ئایا مرۆڤ سەرپشکە، یان لە کردەوەکانیدا ئاڕاستە کراوە و بژاردەکانی سەربەخۆی نین؟

## ۳- ئەنجام

ناکامی لە خۆشەویستیی نێوان مەم و زین، تەنیا ڕێخۆشکەرێکی تاوتوێ کردنی پرسی خراپەیە. خۆشەویستی لەوێدا هێمای چاکە و ڕق وکینە و دووبەرەکیش بە خراپە دانراوە. خانی بەجۆرێک ئەو کێشمەکێشەی وروژاندووە کە خزمەت بە ئامانجەکەی، واتە چڕکردنەوە و زەقکردنەوەی تەنگەژەی خراپە بکات. هەروەها هۆکارە خۆیی و بابەتییەکانی زاڵبوونی خراپە لە چەوسانەوەی گەلەکەی، کارەساتی دابەشبوونی نێوخۆیی و داگیرکاری و دابڕان کۆدەکاتەوە. ئەو ڕاستییانە چەندە تاڵایش بن، وانەیەکی فێرکاری و تەمێکردن و وشیارکردنەوەن. بە هزرێکی عیرفانیی ئەشعەری باو، هۆکارکردی بنەڕەتی ململانێی خراپە و چاکە هەر بۆ خوا دەگەڕێنێتەوە؛ بەڵام مرۆڤ بەرپرسیارەتییەکی خۆکردیشی. بەوەش ئاوێتەکردنی هۆکاری سروشتی/ بابەتی و خوایی و مرۆییە پێکەوە، لەو باوەڕەوەیە کە خوا و جیهان لە پەیوەندییەکی هۆکار و ئەنجامدان، وەک چۆن مرۆڤیش لەنێو تۆڕی هۆکارەکی سروشت و خوادایە. لە ئەفسانەکاندا هەمیشە ناکۆکی و ململانێی چاکە و خراپە، هەوێنی گێڕانەوەیە.

ململانێی خوای چاکە و ئیبلیس/ خراپەکار، هەوڵێکە بۆ ئەوەی چاکە دەربکەوێت و بناسرێت؛ بەڵام ناسینی توانای چاکە بەبێ وزەی خراپە سەرناگرێت، وەک چۆن بەهەشت بێ دۆزەخ نابێت، دۆزەخیش بێ بەهەشت نییە؛ واتە تراجیدیا هاوکێشەیەکە بە هەبوونی دوو جەمسەرەوە پەیوەستە.

---

۳۰ . بەپێی ئایەتی 'انا لله وانا الیه راجعون' (البقرة / ۱۵٦).

دواتر ئەم ململانێیە وەک پێداویستییەکی باوەڕهێنانی ئایینیش دەردەکەوێتەوە. هەرچی توخمی ئایینی و سۆفیگەری و ڕۆمانسیی دەقەکەیە، تەنیا ئەرکێکی ڕاڤەکارییان لە کۆی سیستمی هزری خانیدا هەیە: بەرجەستەکردنی پرسی بوون، پرسی خراپە و پرسی کوردبوونە. فۆرمەکانی خراپە وەک لە کەسێتیی بەکردا وێناکراوە. ئەوەش پەیامێکی هەیە؛ دەرخستنی نهێنییەکانی گەردوون لە ڕێی ڕاگرتنی هاوسەنگی جەمسەرە دژیەکەکانەوە. خانی وەک موعتەزیلییەک پرسیاری دادی خوایی لەمەڕ هەبوونی خراپە دەهێنێتە گۆڕێ، بەڵام وەک ئەشعەرییەکیش وەڵامی دەداتەوە. بەو پێیەی ڕاڤەی نهێنی هەبوونی خراپە و خراپەکار لە جیهاندا لە دیدێکی ئەقڵانی مێژوویی و تیۆلۆجی کراوە، خانیش هەمان وەڵامی لە بەرگی داستانێکی کوردیدا و بەزمانێکی لاهوتی هەیە. ئیدی، خراپە، پێویست و پێشمەرجی هەبوونی چاکەیە. بیرخەرەوە و هاندەرەوە. توندکردنەوەی باوەڕ و ویستی چاکەکارییە؛ بەڵام ئەمە وەڵامی تەواوی ئەوە نییە کە بۆ خراپەکاری لە جیهاندا هەبێت. تیۆلۆجیستەکان تەنیا هەوڵی ڕاڤەکردنی چییەتی خراپە و لەوەشدا تەنیا ئامانجیان پشت ڕاست کردنەوەی هاوکێشە گەردوونییەکەیە: داوەری خوایی، هەبوونی خراپە و چاک دەخوازێت.

**سەرچاوەکان:**


*Calder, Ted. 2020. The Stanford Encyclopedia of Philosophy . December 11. https://plato.stanford.edu/archives/sum2020/entries.concept-evil/.*

*David Hume. .١٩٣٥ Dialogues Concerning Natural Religion. Oxford: Clarendon Press.*

*McDowall, David. 2021. A Modern History of the Kurds. I.B. Tauris .*

*Pereira, Roberto Horácio de Sá. 2020. "Disentangling Cartesian Global Skepticism from Cartesian Problematic External-World Idealism in Kant's Refutation." Journal-Name: Archiv für Geschichte der Philosophie 19.*

**عەرەبی:**

ابي الفتح محمد الكريم الشهرستاني. ٢٠٢١. *الملل والنحل*. بيروت: دار ابن حزم.

الأب سهيل قاشا. ٢٠١٠. *المعتزلة: ثورة الفكر الإسلامي الحر*. بيروت: التنوير.

القاضي أحمد الحريثي. ٢٠١١. *المعتزلة والاحكام العقلية ومبادىء القانون الطبيعي*. بيروت: الوراق .

انور محمد علي. ٢٠٠٧. *احمد الخاني: فلسفة التصوف في ديوانيه مم و زين*. دار سپيريز للطباعة والنشر.

أوليا چلبي. ٢٠٠٨. *رحلة أوليا چلبي في كوردستان عام ١٦٥٥* . دهوك: مطبعة خانى.

خانى. بشير اسكندر. ٢٠٠٨. *قيام النظام الإماراتي في كردستان و سقوطه مابين منتصف القرن العاشر ومنتصف القرن التاسع العشر(نبذة تأريخية عن اهميته السياسية وإرثه الثقافي .* بنكەی ژین.

بول فاين. ٢٠١٦. *هل اعتقد الإغريق بأساطيرهم؟ بحث في الخيال المكون*. هيئى البحرين للثقافة والآثار.

بيتر كونزمان، فرانز-بيتر بوركارد& فرانز فيدمان. ٢٠٠٧. *أطلس- dtv الفلسفة*. بيروت: المكتبة الشرقية.

دومينيک أورفوا. ٢٠١٠. *تاريخ الفكر العربي والإسلامي*. المكتبة الشرقية. لبنان.

جابن بيار فيرنان. ١٩٨٧. *اصول الفكر اليونانى*. بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر.

عبدالستار عزالدين الراوي. ١٩٨٦. *ثورة العقل، دراسة فلسفية في فكر معتزلة بغداد*. بغداد : دار الشؤن الثقافية العامة.

عبدالرحمن بن خلدون. ٢٠٠٠. *مقدمة إبن خلدون*. بيروت : دار صادر.

عزالدين مصطفى رسول. ٢٠١٠. *الواقعية في الأدب الكردي*. ئاراس.

ماجد فخري. ٢٠٠٤. *تاريخ الفلسفة الإسلامية*. بيروت : الجامعه الآمريكية.

محمد إقبال. ١٩٨٩. *تطور الفكر الفلسفي في إيران: إسهام في تأريخ الفلسفة الإسلامية*. الدار الفنية.

محمد عمارة. ١٩٨٤. *المعتزلة ومشكلة الحرية الإنسانية*. بغداد: المؤسسة العربية للدراسات والنشر.

هنرى كوربان. ٢٠٠٤. *تاريخ الفلسفة الإسلامية*. عويدات.

يونس، لوليدى. ١٩٩٦. *الآسطورة بين الثقافة الغربية والثقافة الإسلامية*. فاس: انفو برانت.

**کوردی:**

تۆفیق وەهبی. ٢٠٢٢. *تۆفیق وەهبی: سەرجەمی بەرهەم*. تاران: بنکەی ژین & جەمال عیرفان.

جان دۆست. ٢٠١٧. *میرنامە*. تاران: غەزەلنووس.

جیهاد شوکری رشید. ٢٠١٩. "بازتاب اندیشه های فلسفی افلوطین در مثنوی مم و زین." *گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ*، ١ ٣: ٧٨-٩٦.

جەمال نەبەز. ٢٠٠٢. *بیری نەتەوەیی کوردی. کۆبەرهەم-٢-١٩٨٤*. ئەورپا.

حەسەن قزڵجی. ٢٠١٧. *حەسەن قزڵجی: چیرۆکنووس، رەخنەگر*. هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات.

د. کەمال میراودەلی. ٢٠٠٧. *مەم و زینی'ی خانی*. سلێمانی: چ رەنج.

رۆبەرت رایلی. ٢٠١٥. *داخستنی عەقڵی موسڵمان: چۆن خۆکوشتنێکی عەقڵی قەیرانی ئیسلامگەرایی مۆدێرنی دروستکرد؟* غەزەلنووس.

عزەدین مستەفا رەسووڵ. ٢٠٠٨. *ئەحمەدی خانی: شاعیر وبیرمەند، فەیلەسووف و سۆفی*. فاروقی مەلا مستەفا.

علاءالدین سجادی. ١٩٥٢(١٩٦٠). *مێژووی ئەدەبی کوردی*. بەغدا: چاپخانەی معآرف.

عەباس وەلی. ٢٠٢٣. *ژنەفتن*. ٢ ٨. /https://jineftin.krd/2023/02/08ئێمە-وئەحمەدی-خانی.

فەرهاد شاکەلی. ٢٠١٠. *کە بازنە و لاکێشەکان هەڵدەوەشێنەوە: ئاخاوتەی سیاسی و فەرهەنگی کورد؛ دوێنێ و ئەمڕۆ*. هەولێر: دەزگاری ئاراس.

—. ٢٠١٩. *ناسیۆنالیزمی کوردی لە مەم و زینی ئەحمەدی خانیدا*. خانەی موکریانی.

فەریاد فازیل عومەر. ٢٠٢٢. "پێشەکی." *مەم و زین*، ئەحمەدێ خانی، .VII-XXV بەرلین-سلێمانی: ئینیستووتی خوێندنی کوردی بەرلین.

مامۆستا جەعفەر. ٢٠٠٩. *مێژووی بیری کوردی*. دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی.

—. ٢٠٠٩. *مێژووی بیری کوردی*. سلێمانی: مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک).

محەمەد بایراقدار. ٢٠٠٩. *ئیدریسی بدلیسی*. هەولێر: ئاراس.

محەمەدی مەلاکەریم. ١٩٩٩ . *لەپێناوی راستی و کورد و خانیدا*. دەزگای ئاراس .

هێرش. ١٩٩٩. "رێبازی فکری و شێوازی شیعری لە مەم و زینی خانی دا." *گۆڤاری گزینگ ژمارە ٩* ٣٢-٣٦.

هێمن موکریانی. ٣ ٢٠١. "پێشەکی توحفەی موزەفەرییە." تألیف *توحفەی موزەفەرییە*، بقلم ئۆسکامر مان. هەولێر: ئاراس.

ئیدریسی بەتلیسی. ۲۰۲۳. *الإباء عن مواقع الوباء* . یەکەی دەستنووس و سامانی کولتووری زانکۆی گەشەپیدانی مرۆیی.

ئەحمەدێ خانی. ۲۰۲۲. *مەم و زین.* بەرلین- سلێمانی: ئینستیووتی خوێندنی کوردی بەرلین.